# بەشێك لە چیرۆكی داستانەكانی شۆڕشی ئەیلول بۆ مێژوو

لە نووسینی

عزالدین مەلا سلێمان

هاوینی ٢٠٠٦ زایینی

چاپی یەكەم

- ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی نیشتمانی ( ٦٢٢ ) لە / /٢٠٠٦ زایینی

- یادەوەری یەکانی پێشمەرگەیەکی شۆڕشی ئەیلول بۆ مێژوو
- لە نووسینی عزالدین مەلا سلێمان
- چاپی: یەکەم هاوینی ٢٠٠٦ ز
- چاپخانەی بزاڤی ڕۆشنبیری سلێمانی
- تیراژ: ٥٠٠ دانە


- مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ هەموو کوردێکی نیشتمان پەروەر



وێنەی نووســەر لەساڵی ١٩٧٦ دا

**ئێمە** وەکو کادێرە حیزبی یەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شۆڕشی ئەیلولدا بە ناوی خۆمان و هەڤاڵانمانەوە سوپاشی برای بەڕێزمان کاك عزالدینی مەلا سلێمان دەکەین کە خەمخواری خوێنی شەهیدان و تێکۆشەرانی گەلەکەمان و کادێرە سیاسی وسەربازی یەکانی شۆڕشی ئەیلولە، پاش چل ساڵ یادی هەمووانی بە زیندوویەتی پاراستووە ، وا ئەمڕۆ سەربەرزانە لە چیرۆکی داستانەکاندا بۆمان دەگێڕێتەوە.

عبدالرحمن سەنگاوی

**ئێمە** وەکو پێشمەرگە دێرینەکانی شۆڕشی ئەیلول هەست دەکەین ئەم کتێبە گەورەیە ، تینی زۆری پێ بەخشیوین بەوەی کە ئێمەی بەسەرکردۆتەوەو خەباتی چواردە ساڵی ئێمەی زیندوو کردۆتەوە، یادی شەهیدە سەربەرزەکانی بەرز نرخاندووە.. ئێمە بە گشتی سوپاسی برای خۆشەویستمان کاك عزالدین مەلا سلێمان دەکەین نووسەری ئەم کتێبە، وە دەست خۆشی هەوڵ و توانای دەکەین..

شێخ محمدی فەقیرە

**گەلی کورد** لە مێژووی خۆیدا بە چەند قۆناغێکی جیاوازو دیاریکراودا تێپەڕیوە و هەر قۆناغێکیش سیما و خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەبووە کە دیارترینیان ئەوەیە..بەردەوام رووبەرووی داگیرکەران بووەتەوە و لە خەباتێکی سەخت و بێ وچاندا بووە بۆ گەیشتن بە

مافەکانی وە هەرگیز سەری بۆ دوژمنانی نەوی نەکردووە لە مێژووی کۆن و نوێدا.. بە تایبەت لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە. کە تیایدا بە پیلانێکی ناوچەیی و نێو دەوڵەتی داگیرو دابەش کرا بەسەر دەوڵەتانی دراوسێدا. لەو ساتەوە هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی دیپلۆماسی و سیاسی کۆمەڵ و حیزب و کەسایەتی یەکانی لە پێناوی دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوایەتی سەربەخۆدا بەهەدەر چوون و گوێ یان لێنەگیراوە .

بۆیە تێکۆشەرانی گەلەکەمان بەو حاڵەتە قایل نەبوون و پەنایان بردە بەر خەباتی چەکداری و سەدەی رابوردوو زنجیرەیەك شۆڕش و راپەڕینیان ئەنجامدا، کە یەکێك لەوانە شۆڕشی ئەیلول بوو. شۆڕشی ئەیلول لەماوەی چواردە ساڵی تەمەنیدا توانی ر ابەرایەتی جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بکات و دەستکەوتی گەورە بە دەست بێنێت. لەسەروو هەمووشیانەوە بەیاننامەی ١١ ئازار بوو، کە یەکەم بەڵگەنامەی مێژوویی بوو بە شێوەیەکی رەسمی و قانوونی مافەکانی گەلی کوردی سەلماند. دیارە هەموومان دەزانین کە ئەو شۆڕشە بە قوربانیدان و فیداکاری بێ وێنەی رۆڵەکانی کورد توانی گەشەی بەرچاو بکات لە شێوە و ناوەرۆك و چۆنێتی بەڕێوەبردن وخەبات و .. هتد.

کاك عزالدینی مەلا سلێمان.. یەکێك بوو لەو پێشمەرگە تێکۆشەرانەی شۆڕش و لە سەرەتای لاوێتی یەوە پەیوەندی کرد بە سوپای شۆڕشگێڕی کوردستانەوە و رۆڵی بەرچاوی تیادا بینی، چ وەك پێشمەرگەو چ وەك

فەرماندە. خۆی لەناو ڕووداو و داستانەکاندا ژیاوە و ئاگاداری بەشێکی زۆر لەو نەبەردی یانە بووە کە هێزەکانی پێشمەرگە ئەنجامی داون و گورزی گورچکبڕیان لە سوپای دوژمن داوە. کە هەریەك لەو داستان و نەبەردی یانە و ئەو فەرماندەو پێشمەرگانەی هەستاون بە ئەنجامدانی، بەشێکن لە مێژووی خەباتی درێژخایەنی گەلەکەمان و پێویست بە تۆمار کردن و پەند و دەرس لێوەرگرتن دەکەن ، هەروەها دەبنە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو کە پشتی پێ ببەسترێت و خزمەتێکی گەورە بە مێژووی جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد دەکات.

کەواتە فەرموون ئێوە و یادەوەری یەکانی پێشمەرگەو فەرماندەیەکی شۆڕشی ئەیلول بۆ گێڕانەوەی داستانەکان تا نەوەکانی ئێستا و ئایندەمان ئاشنا بکات بە مێژووی بەرگری و فیداکاری گەلەکەمان لە ماوەی چواردە ساڵی تەمەنی شۆڕشی ئەیلولدا..

پارێزەر

محمود قەرەداغی

# بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشــەکی نـووســەر

هـەموو کەسێك لە کوردستاندا خاوەنی دەفتەری یادەوەری و چیرۆك و داستان وسەرگوزشتەی خۆیەتی، ئەوەی من لێ ی دڵنیام ئەوەیە کە هەندێك هـەن لە روویان نایە سـەرگوزشتەی خۆیان بدرکێنن، چونکە رۆژانێك دژی میللەتی کورد بوون و بە رووی پێشمەرگەو شۆڕشدا چوونەتەوە و خیانەتیان لە نیشتمان و خاك و ناوی کوردستان کردووە، لە بەرانبەر ئەوەدا ئەوانەی رۆژانێك ئارەق و خوێنیـان لە پێناوی رزگـاری و سـەرفرازی ئەم میللەتەدا رشتووە ئـەمڕۆ سـەربەرزانە دەژیـن یان سـەربەرزانە شـەهید بوون و ئارامگاکـانیان زیارەتـگای هـاوەڵانیانە.

ئـەمڕۆ پاش تێپـەڕ بوونی زیاتر لە چل ساڵ، ئەوەی لە یادم مابێـت لەم یادەوەری یـانە دەینووسـمەوە بـۆ میـژوو،جـێ ی شـانازی یە بۆ خـۆم و کەس و کارو میللەتەکەم، شـانازی یە بۆ من و هـەڤاڵانم کە ئەمـڕۆژە واتە ئـازادی بە چاوی خـۆمان ببـینین. ئێمە رۆژانێك پێـشمەرگە بووین و لە قۆناغێکی سـەختی خەباتی میـللەتەکەماندا رەنج و تـەقە لامان شـایی ی زەماوەند بوو، ئـەمڕۆ کە ئەو رۆژانەم دێـتەوە یـاد جـار جـار فرمێسکی شـادی و جـار جـاریش فرمێـسکی راسـتی لە دیدەمان دەبارێت، شـادیمان ئەوەیـە خـۆم و هـەڤاڵانی پێـشمەرگەم کە ئەمڕۆ بە سـەربەرزی دەژیـن و خـەمباریشمان

# پێشـەکی نووسـەر

هەموو کەسێك لە کوردستاندا خاوەنی دەفتەری یادەوەری و چیرۆك و داستان وسەرگوزشتەی خۆیەتی، ئەوەی من لێ ی دڵنیام ئەوەیە کە هەندێك هەن لە روویان نایە سەرگوزشتەی خۆیان بدرکێنن، چونکە رۆژانێك دژی میللەتی کورد بوون و بە رووی پێشمەرگەو شۆڕشدا چوونەتەوە و خیانەتیان لە نیشتمان و خاك و ئاوی کوردستان کردووە، لە بەرانبەر ئەوەدا ئەوانەی رۆژانێك ئارەق و خوێنیان لە پێناوی رزگاری و سەرفرازی ئەم میللەتەدا رشتووە ئەمڕۆ سەربەرزانە دەژین یان سەربەرزانە شەهید بوون و ئارامگاکانیان زیارەتگای هاوەڵانیانە.

ئەمڕۆ پاش تێپەڕ بوونی زیاتر لە چل ساڵ، ئەوەی لە یادم مابێت لەم یادەوەری یانە دەینووسمەوە بۆ مێژوو،جێ ی شانازی یە بۆ خۆم و کەس و کارو میللەتەکەم، شانازی یە بۆ من و هەڤاڵانم کە ئەمڕۆژە واتە ئازادی بە چاوی خۆمان ببینین. ئێمە رۆژانێك پێشمەرگە بووین و لە قۆناغێکی سەختی خەباتی میللەتەکەماندا رەنج و تەقە لامان شایی ی زەماوەند بوو، ئەمڕۆ کە ئەو رۆژانەم دێتەوە یاد جار جار فرمێسکی شادی و جاریش فرمێسکی راستی لە دیدەمان دەبارێت، شادیمان ئەوەیە خۆم و هەڤاڵانی پێشمەرگەم کە ئەمڕۆ بە سەربەرزی دەژین و خەمباریشمان

ئەوەیە کـە زۆر لەو هـەڤاڵانەی هاوخـەبات و هاوسـەنگەر بووین لەم شـادی یەماندا جـێ یان خـاڵی یەو لە ناوماندا نیـن و لە خـەوی قـووڵی شـەهیدیدان.

من وەك پێـشمەرگەیەکی میللـەتەکەم سوپاسـی بێ پایـانی خـوای گـەورە دەکەم، کە گەلی کوردی لە چنگی خـوێناوی رژێمە دکتاتـۆرە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق رزگار کـرد، پاشـان ئـەوپەڕی رێـزو وەفا و پێزانینـی خۆم دەردەبـڕم بـەرانبەر هـەمـوو ئەو خـەڵکە سـەربەرزانەی شـارو شـارۆچکەو گـوندەکانی کوردسـتان کە لە دەمی خـەباتدا ئەوان پاڵپشت و پەناو هێزی مـەعنەوی ئێمە بوون، ئـەوانەی دەیانناسـم و ئـەوانەش کە نایانـناسـم، ئەوانەی ناوم هێناون و ئـەوانەش کە ناوم نەهێنـاون، هـەناوی پێـشمەرگەو شـۆڕش بوون. ئەوان ووزەو توانای لەبن نەهاتووی ئەو خەباتە درێژ خایەنە بوون و ئێـستاش شایانی ئـازادی و رێزو وەفـان.

پێشـەکیش لە کەم وکورتی ئەم چـەند لاپــەڕەیە داوای لێبـووردن دەکەم، لە خـوای گەورە دەخـوازم تەمەن بوار بدات یادەوەری هـەڤاڵەکانیشم بـەم شێـوەیە بخوێـنمەوە و ئەوانیش ئەم دەفتـەرەم تـەواو بکەن و تۆماری پێشمەرگایەتی و شۆڕش بەم یادەوەری یانە لە فـەوتان بپارێـزن .

سـلاو لــە گیانی پاك و ئارامگـای سـەربەرزی شـەهیدان بە گشتی و وشـەهیدانی ئەم دەڤـەرەی خۆمان، ناوچـەی قـەرەداغ و گـەرمیان و

شارەزوورو پێـنجوین شـاربـاژێڕ وسـلێمانی بە تایبەتی کە خـۆم رۆژانێك لە گەڵیانـدا ژیاوم و بەشێـكن لەم یادەوە ری یانە.

## سڵاو لە گیانی پاکی سـەروەری شـەهیدان بـارزانی نەمـر و هـەموو شـەهیدانی ئەم گـەلە سـتەمدیدەیە.

# شۆڕشی ئەیلول

## سەرەتایەك

## لە ژیان و میژووی سەرۆك مصطفى بارزانی و شۆڕشی ئەیلول

مصطفى بارزانی سەرکردەیەکی شۆڕشگێری نەتەوەیی بوو، کاتێك کۆماری مهاباد دامەزرا سەرۆك بارزانی بە هێزێکی گەورەی پێشمەرگەی کوردستانەوە خۆی گەیاندە ئەو کۆمارە ساوایە. سوپای ئەو کۆمارە بوو بەو سوپایە، چونکە سەرچاوەیەکی لەو هێزی پێشمەرگەیەوە وەرگرتبوو کە جەنابی بارزانی لەگەڵ خۆیدا بردبووی.

لەساڵی ١٩٤٦ز کاتێك ئەو پیلانە پڕ لە خیانــەتەی کە لە دژی ئەو کۆمارە ساوایەی مهاباد پیادە کرا لە لایەن سـەرەك وەزیرانی رەزا شای گۆڕبە گۆڕ و روسیاوە، بارزانی وەکو سەرکردەیەکی سەربازی و سیاسی لە نێوان ئاگری شـەڕی سێ وڵاتی وەکو ئێران- تورکیا- عێراق-ەوە توانی خۆی و هێـزێکی گەورەی پێشمەرگەی کوردسـتان دەرباز بکات و بچێتە یەکێتی سۆڤێتی ئەو کاتە. ساڵی ١٩٥٨ز کاتێك کودەتا سەربازی یەکەی ژەنەراڵ (عبدالکریم قاسم) لە عێراقدا سەری گرت وە رژێمی پاشایەتی عێراقی رووخا، عبدالکریم قاسم زۆر بە خێـرایی نامـەیەکی بۆ سـەرۆك بـارزانی نارد، بەنـاوی حکومەتی نوێ ی عێراقەوە داوای لێبـووردنیی لێکرد، دەربارەی ئەو ناعەدالەتی یانەی کە حکومەتی پاشایەتی لەمەو پێش دەرحەق بە گەلی کـورد پیادەیان کردووە، وە دووبارە داوای گەڕانەوەی لێکرد بۆ خاکی نیشتمان وە جـەنابی بارزانی قبووڵی نامـەکەی کرد.

پاش چەنـد رۆژێـك دەسـتیان کرد بە خۆئامادە کردن بۆ گەڕانەوە، کاتێك گەڕایەوە بۆ عێراق لەپێشدا چووە کۆماری میـسری عەرەبی لە لایەن چەند کەسایەتی یەکی گەورەی عەرەب و سـەرۆکی ئەوکاتەی میـسر(جمال عبدالناصـر)ەوە، گەرمترین پێشوازی یان لێکرا.ئەو پێشـوازی لە سـەرکردەیەکی کورد لەو کاتەدا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـتدا بێ وێنەیە، کاتێك گەیشتەوە خاکی نیشتمان لە عێراق. ئەو پێـشوازی یە گەرمــەی لە لایەن برا عەرەبەکانی باشـوورەوە لە جەنابی سەرۆك بارزانی کرا، شتێکی بێ وێنە بوو لە مێژوودا، بۆیە تا ئێـستاش خەڵکی کوردستان خۆشـەویستی یان هەیە بۆ برا عەرەبە رەسـەنەکانیان لە باشـووری عێراق .

لە دەروازەی بەغداد سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتەی کۆماری عێراقی (عبدالكريم قاسم) لەگەڵ وەزارەتەکان پێشوازی یەکی گەورەیان لە کەسایەتی سیاسی کوردستان کرد کە جەنابی بارزانی بوو.



سەرۆکی عێراق عبداکریم قاسم و سەرۆك بارزانی

ژەنەراڵ عبدالکریم قاسم بە جەنابی بارزانی ووت: (بەخێربێیتەوە بۆ خاکی نیشتمان، ئەم خاکە خاکی کوردو عەرەبە). بەڵام بە داخەوە عبدالکریم قاسم تەنها پیاوێکی سەربازی بوو، بۆیە بەعسی یەکان بۆ مەرامی کاری حیزبی خۆیان وە کۆنە ئاغاو دەرەبەگەکانیش لە لایەکی ترەوە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان رووی عبدالکریم قاسم-یان بە لای شەڕدا دژی

کوردەکان وەرگێڕا. هەوڵێکی زۆر درا لەگەڵ عبدالکریم قاسم بەڵام بێهوودە بوو بۆیە بارزانی گەڕایەوە کوردستان و لە ئەنجامی پاشگەز بوونەوەی حکومەت، شـۆرشی ئەیلـول بەرپا بوو.

بابزانین شۆڕشی ئەیلول بەرو کوێ دەڕوات ؟

# چەخماخەی شۆڕشی ئەیلول

شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٦١/٩/١١ زایینی دا چەخماخەی لێدا لە هەموو ناوچەکانی کوردستان لەپێنجوێن تا زاخۆ، لە سنجارەوە تا خانەقین، بەڵام لەو کاتەدا هێزەکان هێزێکی میللی بوون بۆیە شکستێکی کاتیی خوارد. کۆنە ئاغاو دەرەبەگەکان ئومێدیان بە سەرکەوتنی شۆڕش نەبوو، بۆیە بە هەلیان زانی خۆیان کێشایەوە و دەستیان کرد بە نامە ناردن بۆ رژێمی ئەو کاتەی بەغدا و رژێمیش تەماعێکی زۆری خستنە بەردەمیان، زۆر لەوانە گەڕانەوە باوەشی رژێم و خۆیانیان دژی شۆڕش چەکدارکرد، کە نامەوێت لێرەدا ناویان ببەم و زامیان نوێ بکەمەوە.

# شۆڕش ئەرکەکەی بۆ کێ جێما ؟

کوڕە هەژارو جوتیارو کرێکار بوونە پێشمەرگەی راستەقینە ماڵە باوکانیشیان بووە میوانخانە پەنای پێشمەرگە. شۆڕش بوو بە شۆڕشێکی نیزامی، سەربازو ئەفسەرە کوردەکان هاتنە ناو ریزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لەگەڵ رێژەیەکی زۆر پۆلیسی مەخفەرەکان و ناحیەکان بە خۆیان و چەك وجبەخانەکانیانەوە پەیتا پەیتا دەهاتنە ناو ریزی پێشمەرگەی کوردستانەوە. شۆڕش بە تەواوی بەهێز بوو پەرەی سەند،نیزام دامەزرا بەم شێوەیەی خوارەوە .

- هێــز : بریتی بوو لە سێ بەتالیۆن .
- بەتالیۆن : بریتی بوو لە سێ تا چوار لق .
- لق : بریتی بوو لە سێ پەل .
- پەل : بریتی بوو لە سێ مەفرەزە .

شۆڕشی ئەیلول بە گورز وەشاندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بوو بەو هێزەی کەوا راگەیاندنەکانی جیهان لەو کاتەدا بە شەوو رۆژ باسی لێوە بکەن. دەتوانم بڵێم لەدوای شۆڕشی ئەیلول هەر شۆڕشێك لە کوردستاندا سەری هەڵدابێت ،کەڵکیان لە شۆڕشی ئەیلول وەرگرتووە لە رووی سەربازی و سیاسی یەوە..

شـۆڕشی ئەیلـول خاوەنی دەسـتـکەوتی گەورە گەورەی سیاسی -یە. یەکێك لەوانە بەیاننامەی ۱۱ ئازاری۱۹۷۰ی زایینی یە، کە رژێمی ئەوکاتەی عێراق لـەژێر زەبـری پێشمەرگەدا دانی پێدانا، لەو سەردەمەدا گەورەترین دەستکەوتی گەلی کورد بوو.پاش چوارساڵ وتووێژ رژێـم لەسەر مەسـەلەی کەرکوك پاشـگەز بووەوە وخۆی دزییەوە. وە دووبارە شـەڕ دەستی پێکردەوە لە نێوان سـەرکردایەتی کورد و رژێـمدا. پاش یەك ساڵ شـەڕ واتە لە ساڵی ۱۹۷٤ز تا ساڵی ۱۹۷٥ دۆژمن بە تەواوی لەبەردەم هێزی پێـشمەرگەی کوردستاندا چۆکی دادا.

رژێمی عێراق بە پیـلانگـێڕی خۆی و هەندێ لە کۆنە پەرستانی عەرەب وەك سـەرۆکی جـەزائیری ئەو کات ( هـەواری بۆمیدیـەن) و بە هاوکاری محمـدرەزا شای گـۆڕبەگـۆڕی ئێران و راوێـژی راسـتەوخۆی (راوێـژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئـەمەریکا- هێنری کیسینجەر) لە جەزائیر کۆبوونەوە و شای ئیران- یان قەناعەت پێکرد بە پێدانی سێ دوورگە لە کەنداودا وەك بەرتیل کەوا لەگەڵ رژێمی عێراق هاوکاربن بۆ لێدانی شـۆڕشی کورد. پاش ئەوەی وەك شـکستێکی گەورەی سـەربازی لەو کاتەدا رژێمی عێراق دانی نا بە کوژرانی شـەست و هەشـت هەزار سـەربازی خـۆی بەدەسـتی هێزی پێـشمەرگەی کوردستان لە شـۆڕشی ئەیلولدا ،وە کـەوتنە خـوارەوەی سـەد فـڕۆکـەی جـەنگی بە گـوێرەی بەلاغـەکانی مەکتەب عـەسـکەری شـۆڕش لەو کاتەدا، جگە لە زیانی ماڵی. ئەمە کورتەیەك بوو لە مێژووی شـۆڕشی ئەیلول...

سڵاو لە شـەهیدان،سـڵاو لە بنەماڵەکانیان،سڵاو لە پێـشمەرگە ماندوو نەناسـەکانی شۆڕشی ئەیلول،سڵاو لە گەلی کوردستان. سڵاو لە بارزانی نەمـر سـەروەری شەهیدان

# هـێزی قـەرەداغ و نەخشەکەی

هێزی قەرەداغ وەکو لە نەخشەکەدا دەبینرێت، لە لایەن دوژمنانەوە گەمارۆ درابوو، هەمیـشە رۆڵەکانی رۆژی تەنگانەی ئەم میللەتە لەبەردەم پەلاماری دوژمناندا بوون بـەڵام بواریان بە دوژمن نەداوە داگیـری بکەن پێـشمەرگەی.

هێزی قەرەداغ تەنها بەرگریان لە ناوچەی قەرەداغ نەکردووە بە تەنها بەڵکو هاوکاری زۆربەی هێزەکانی (رزگاری و خەبات و زمناکۆ) یان کردووە وە چەندین جار لە شـەڕەکانی بەرگری لە سەرکردایەتی بەشدار بوون لە ناوچەکانی ( زۆزك و هەنـدرێن) و چەنـد جێـگای تر.

پێـشمەرگەکانی ئەم هێزە زۆر قاڵبووی‌شـەڕ بوون، بۆیە وەك لە نەخشەکەدا، وەك لە ( لاپـەڕە ١٧) دا دەبینین، هێـزی قـەرەداغ چۆن لە لایەن هێزەکانی دوژمـنەوە گەمارۆ دراوە، بۆیە دەتوانم بڵێم پێـشمەرگەی ئەم سنووورە جیاوازی یەکی بـەرچاویان هەبووە لەگەڵ پێـشمەرگەی هێزەکانی تـردا.




نەخشەی بارەگای هێزی قەرەداغ و سنووری بەتالیۆنەکانی

ساڵی ١٩٦٧-١٩٧٠ زایینی

هێزی قەرەداغ لە و ساڵانەدا بریتی بوو لە سێ بەتالیۆن :

- کاك تاهیری علی والی بەگ،فەرماندەی بەتالیۆنی چواری قەرەداغ.
- کاك حەمید بەرواری، فەرماندەی بەتالیۆنی پێنجی جەباری.
- کاك عزیز قازی فەرماندەی بەتالیۆنی نۆی جاف .

وە کاك رەشید سندی لەساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨ زدا فەرماندەی هێـزی قـەرەداغ بوو.

# هـێزی کەرکوك وملازم سـاڵح پێـداوی

لە ١٩٧٣/٧/٢٠ز دا،بە فەرمانی راستەوخۆی بارەگای بارزانی و مەکتەبی عەسکەری ملازم صاڵح احمد فتاح ناسراو بە (صاڵح پێداوی) کرا بە فەرماندەی هێزی کەرکوك. هـێزی کەرکوك سـنوورێکی بەربلاوی هەبوو بە رووی دوژمـندا، لەبەر ئەوەی سنوورەکان واتە سـنووری هێزی پێـشمەرگە و دوژمن لەیەکەوە نزیك بوون. لەرۆژی ١٩٧٣/٩/١٢ز دا،مـلازم صاڵح پێداوی کۆبوونەوەیەکی بە هەموو فەرماندە مەیدانی یە سەربازی یەکانی هێزی کەرکوك کرد کە هێزێکی لێدەر ( قوە چاربە) درووست بکرێت بۆ بارودۆخی کتوپڕ. بڕیاردرا ئەو هێزە لێدەرە لە سـەدو پەنجا پێـشمەرگە پێك بێت بەرپرسی ئەو هێزە درا بە ( عێـزەددینی مەلا سلێمان ) کە پێی دەوترا ( هێزی ٤) . هەر لە کاتی پێکهێنانی ئەو هێزەدا رژێم کەوتە جـم و جووڵ و دابەشکردنی چەك بەسـەر سـەرەك هۆزە عەرەبەکانی ئەو ناوچەیەدا. کاتێك

ئەو هێزە دابەزی یە سـنوورەکانی چالاکی خۆی وە چوونە ئەو گوندانەی کە ڕژێم کوردەکانی  بە زۆرەملـێ  لێ دەرکردبوون، گوندە عەرەب نشینەکانی ئەو دەوروبەرە کاتێك زانیان پێـشمەرگە دابەزیـوونەتە ئەو ناوچەیە، بەپەلە نوێنەریان هاتە لای هێزی پێـشمەرگە و داوایان لێکردن  کە لێیان نەدەن و وتیان: ﴿ ئێمە بە هیچ جۆرێك زیانمان بۆ گوندە کوردە دراوسـێکانمان نابێت، وە هەر داوایەکی ڕژێـمیش ڕەت دەکەینەوە لەو بارەیەوە﴾.

هەڤاڵ صالح پێداوی یەکێك بوو لەو ئەفسـەرانەی پێشووی سووپای عێراق کە پـێیان دەوترا (ضباط الاحـرار) ، وە یەکێك بووە لە ئەفسـەرە بەرچاوەکانی ناو لەشکری پێـشمەرگەی کوردستان، مامۆستای یەکەمی پێشمەرگایەتی بوو لە سـنوورەکانی (ناوچەی بەمـۆ و قەرەداغ). کەسـایەتی یەك بوو لە دانانی پـلانی سـەربازیدا کەم وێنە بوو، لەرووی کۆمەڵایەتی یەوە پیاوێکی ڕەوشـت بەرزو خۆشـەویست و بە حورمەت بوو خەڵکی ڕێزی زۆریان لێدەگرت . مەخابن لە پاش نـسکۆی شـۆڕشـی ئەیلول ڕوو لە هـەندەران دەکات و هەر لەوێ کۆچی دوایی دەکات .

# داستانەکان

## داستانی سلێمان بەگ

لە رۆژی ١٩٦٧/٩/١١ز دا، لە یادی شەشەمین سالْرۆژی بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلولدا، مەفرەزەیەك لە هەلۆکانی بەتالیۆنی (٩) ی گەرمیان بۆ تۆمار کردنی داستانێك لەو یادەدا چوونە سەر (پردی سلێمان بەگ) لە کاتی ئێوارەدا کە نیو سەعات رۆژی مابوو، ئەو شوێنە دەکەوێتە سەر رێ ی نێوان (بەغداد – دوز خورماتوو) کە رێگایەکی سەرەکی –یە . کاتێك دەستیان کرد بە بەرگرتنی ئوتۆمبیلەکانی رێی بەغداد، دوژمن سەرسام بوو چونکە بۆ یەکەمجار



عزالدین مەلا سلێمان

بوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بتوانێت لەو جی یەدا خالْی پشکنین دابنێت دوژمن لەناو سلێمان بەگەوە پەلاماری مەفرەزەکەی دا و بەلاّم هیچی پێ نەکرا و هێزەکەیان رایکردەوە ناو سلێمان بەگ. هەر لەو کاتەدا مەفرەزەیەك لە جاشە عەرەبەکان کە بریتی



شەهید محمد حمە علی


محمد احمد بارام

بوون لە شەش نەفەر لە لای خۆرهەڵاتی پردی سلێمان بەگەوە پاسەوانی چەند بیرێکی ئاو بوون، مەفرەزەکە لێ ی دان و هەر شەشیان کوشتن وە چەکەکانیان دەستکەوتی پێشمەرگە بوون. وە ئەو ئوتۆمبێلەی کە مەفرەزەکەی بردبوو بۆ جێ ی مەبەست پاش تەواو بوونی ئەو چالاکی یە خێرا گەیشتەوە لایان و پێشمەرگەکانی گەیاندەوە ناوچەی ئازاد ، بۆگوندی ( قوڕی چای ) دواتر بۆ گوندی(پەڵکانە) ئەو پێشمەرگانەش بریتی بوون لە:

أحمد علی دەروێش .عزالدین ملا سلێمان. محمد حمە علی (زخە) .محمد احمد بارام .حسن محمد عباس .

# داستانی شـــیوە ســوور

(شیوە سوور) دەکەوێتە سەر ڕێگەی گشتی چەمچەماڵ – سەنگاو ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٥ز هێزێکی گەورەی دوژمن کە بریتی بوو لە سوپاو جاش و بە پشتیوانی هەژدە دەبابەو فرۆکەی جەنگی پەلاماری ئەو ناوچەیەیان دا، بە مەبەستی گرتنی ناوچەی سەنگاو بەڵام هێزێکی پێشمەرگەی کوردستان بە فەرماندەیی فەرماندەی ئەو کاتەی بەتالیۆنی یەکی دووز، کاك عبدالله ئاغا بەرەنگاری بوونەوە لە ئەنجامی شەڕێکی هەشت کاتژمێری دا هێزەکەی



دوژمن تێکشکا و بە دەیان کوژراو و برینداریان جێهێشت لە گەڵ بە دیل گرتنی ١٣٥ سەربازو جاش هەروەها تێکشکانی شەش دەبابەو سێ ناقیلە وە چەندین ئوتۆمبیلی سەرباز گواستنەوە ( زیل).

# داستانی بـەکر بـاجەڵان

لە رۆژی ١٩٧٤/٧/١٤ز دا هێزێکی دوژمن بە پشتیوانی فرۆکەو دەبابەو بە هاوکاری جاشەکان پـەلاماری ناوچەی جەباریی یان دا پێـشمەرگە قارەمانەکانی بەتالیـۆنی یـەك بـە فەرماندەیی راستەوخۆی کاك (فاتیح حمە رەش) کەوتنە شـەڕێکی دەستەو یەخە لەگەڵ هێزەکەی دوژمن و پاش پێـنج کاتژمێر شـەڕ، بە دەیان سەربازو جاش کوژران و (٦٧) جاش و ئەفسـەرێك و (١١) سەرباز لەم شـەڕەدا بە دیل گیران. لە گەڵ سووتاندنی چەند زرێ پۆش و ئوتۆمبیلی سەرباز گواستنەوە (زیـل).

پاش گەیشتنی هەواڵی ئەم داستانە بە سەرکردایەتی ، سـەرۆك (مصطفی بارزانی) بروسکەی پیرۆزبـایی ئـەو سـەرکـەوتنە مەزنەی ئاراستەی فەرماندەو پێـشمەرگە قارەمانەکانی ئەو بەتالیۆنە کرد. بەتالیۆنی (٥) ی جەباری، کە دواتر ناوەکەی کرا بە بەتالیۆنی (١) خاوەنی دەیان داستانی لەم جۆرەن .

# داستانی چیای ئـەزمڕ

چیای ئـەزمڕ لە بەرزی چەند کیلۆمەترێکی کەم دەڕوانێت بە سەر شاری سلێمانیدا، دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شارەکەوە. ئەو چیایە لە ژێر کونترۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بووە. رۆژی ١٩٧٤/٨/١٢ز لـــــە بەرەبەیاندا هێزێکی زەبەلاحی دوژمن کە پێك هاتبوو لە سوپا و جاش وە بە پشتیوانی تۆپخانەو فڕۆکە جەنگی یەکانی پەلاماری چیاکەیان دا. پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی خەبات بە فەرمانـــدەیی (فتاح حمەامین) ناسراو بە فتاح ئاغا فەرماندەی هێز، (نوری حمە علی)فەرماندەیی بەتالیۆنی حەوت، احمدە سوور رەباتی سەرلقی یەك، حمە علی




سعید ناسراو بە علی موزەللی سەرلقی دوو.. روو بەروویان بوونەوە . وە ئەو رۆژە تا نیوەڕۆ هێزی دوژمن بۆ چەند جارێك تێکشکا و بە دەیان لاشەی کوژراوی سـەربازو جاش بەقەدپاڵەکانی چیاکەدا بلاو بووبووەوە ، وە خەلکی بە چاوی خۆیان دەیان بینین لە ناو شارەوە.

هەر ئەو رۆژە فڕۆکەیەکی کۆپتەری دوژمن خرایە خوارەوە بە دەستی هێزی پۆڵایینی هێزی پێشمەرگە. فەرماندەکانی شۆڕشی ئەیلول هەمیشە لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕدا بوون. شەهیدبوونی زوربەی فەرماندە مەیدانی یەکان شاهیدی ئەو راستی یەن. ئەو داستانە پڕ لە سەروەری یە بە خوێنی سەرلق هەڤاڵ(حمەعلی موزەللی)وە بریندار بوونی فەرماندەی بەتالیۆنی حەوت هەڤاڵ( نوری حمە علی)تۆمار کرا .

# داستانی گوندی عەرەبەکان

گوندی عەرەبەکان لە بنەڕەتدا گوندێکی کورد نشینەو دەکەوێتە خۆر ئاوای شارۆچکەی دووز خورماتوو. کاتێك رێکەوتننامەی ۱۱ای ئازاری ۱۹۷۰ز لە ئارادا بوو، رژێمە دکتاتۆرەکەی بەعس بە هەلی زانی یەکێك لە سەرۆك خێڵە عەرەبەکان بە ناوی (علی دحام ) چەکدار بکات و ناردی یە ئەو گوندە و ماڵە کوردەکانیان بەزۆر لێدەرکرد، هەموو پەرتەوازە بوون بە ناوچەی گەرمیاندا.

بەڕێز کاك ئیدریس بارزانی بە بروسکەیەك ئاگادری بەڕێز کاك (عبداللە حمە أمین) ناسراو بە عبداللە ئاغای کردەوە کەوا هێزێك ئامادە بکات بۆ لێدان و تەفرو توونا کردنی ئەو جاشە عەرەبانە. بۆ ئەوەی جەسارەت نەکەن کورد لە ماڵ و حاڵی خۆی دەربکەن وە وتی﴿ لە ژێر باڵی رێکەوتندا ئاوامان لێ بکەن دەبێت لە کاتی شەڕدا چیمان لێ بکەن ؟!!﴾.

شەوی ۱۰ لەسەر ۱۱ ی مانگی ۷ی ساڵی ۱۹۷۲ز بڕیارەکە جێ -بەجێ کرا و لە کاتژمێر ۱۰ای شەودا دەست بە لێدانیان کرا. بەڵام چ لێدانێك و دەست وەشاندنێك ؟!! تەفرو توونا کران ۱۲۰ کەسیان لێکوژراو هەموو ماڵەکانیان سووتێنران، بەڵام بە داخەوە شاباشی ئەو سەروەری یە خوێنی شەهیدی فەرماندە کاك ( ئەمین شاوەیس) بوو لەگەڵ بریندار بوونی هەڤاڵی فەرماندە کاك (عبداللە ئاغا) و دوازدە هەڤاڵی پێشمەرگەدا. وە دەستکەوتی ئەو داستان و تۆڵە سەندنە ( ۸۷ ) کلاشینکوف بوو .

# داستـانی چـیای سـەفین

چیای سەفین چیایەکی سەرکەشە، دەکەوێتە ناوچەی(شەقڵاوا) لە کۆتایی شـەقڵاواوە بۆ سەرەتای گوندی نازەنین ١٥ تا ٢٠ کیلۆمەترە،چیایەکی مام ناوەندی یە لە بەرزیدا، لە شۆڕشی ئەیلولدا دوژمنـان بۆ چەنـد جارێـك توانیـویانە بیگرن بە پشتیوانی تۆپخانەی قورس و فرۆکە جەنگی یەکانیان. بەڵام هەموو جارێکیش هێـزی پێشمەرگەی کوردستـان لە دەستی دوژمنانیان سـەندۆتەوەو گرتوویانەتەوە. بۆ دواجار لە ڕۆژی ١٩٧٤/٦/١٩ز شێـرە کوڕانی هێزی سەفین بە تەواوی ئازادیان کرد. لەو سەردەمەدا هـەڤاڵ (فارس باوە) فەرماندەی هێـزی سەفین بوو، کاك (مەحمود عەزیز بەگ) جێگر هێـز بوو، کاتێك نەخشەی شـەڕەکە داڕێـژرا لە لایەن فەرماندەکانی ئەو هێزەوە پێـشمەرگەکانی هەر مەفرەزەیەك ئەو جێگەیەی بۆیان دیاری کرابوو پێیان سپێردرا،پاش دارشتنی نەخشەکە لە نێوان دوو ڕەبییـەدا ڕێگایەکی تێدابوو لە کاتی تێکشکاندا دوژمن لەو شیـوەوە دزەی دەکرد بۆ دەربازبوون لە دەسـت هێـزی پێـشمەرگەی کوردستان. بەڵام پێـشمەرگە نەمابوو لەوێدا دابنـرێت .

ئەمەوێ لێرەدا ئاماژە بە قارەمانێتی پێـشمەرگەیەکی کوردستان بکەم کە خۆی بەخشی لەوێدا سـەنگەر بگرێت بۆ کوشتنی هەر سەربازێك بیەوێـت لەوێـوە هەڵێت، هەرچەندە ئەو جێ یە دەبوایە مەفرەزەیەکی (١٠) کەسی لێبوایە بەڵام دەمـەوێت بە ویژدانەوە هەموو کەسێك مافی خۆی

وەربگرێت، بۆیە منیش لێرەدا وەك هاوسەنگەرێکی ئەو قارەمانە پێم خۆشە ئەو قارەمانێتی یە بخەمە سەر خامەو لە بیرچوونەوە بیپارێزم.

پاش کۆنترۆڵ کردنی سەربازگەو رەبییەکانی دوژمن لە چیای سەفیندا ئەتوانم بڵێم ئەو شوێنەی کە ئەو وەری گرت نزیکەی سی تا چل سەربازی هەڵاتووی لەو جی یەوە کوشتبوو .

ناوی ئەو پێشمەرگە قارەمانە (عزیز خلیفە محی الدین)ە لە دایك بووی ساڵی ١٩٤٩ز شاری سلێمانی گەڕەکی خەبات –ەو سوپاس بۆ خوای گەورە ئێستا لە ژیاندا ماوە. زۆر بە داخەوە تا ئێستا مووچەی ئەیلولیشی بۆ دەرنەچووە ...!!!



عزيز خليفة محى الدين

# داستانی چیای سولیاوا

چیای سولیاوا دەبەستریتەوە بە زنجیرە چیای (گلەزەردە) وە، دەکەویتە خۆرهەلاتی چیای قەرەداغەوە .ئەم زنجیرە چیایە شوورایەك بووە بۆ پاراستنی بارەگای هیزی قەرەداغ و بەتالیۆنی (٤)ی هیزی قەرەداغ هەمیشە جەبهەی پیشەوە بووە به رووی دوژمندا لە ناوچەی شارەزوور و سلیمانی بۆیە بەردەوام ئامانجی یەکەمی دوژمن بوو لە پەلامارەکانیاندا بۆ هیزی قەرەداغ.

لە سالی ١٩٦٥ ز-دا لە پەلاماریکی دوژمندا بە سووپا و جاشیکی زۆرەوە وە بە پشتیوانی هیزی تۆپخانەی دوور هاویژ و فرۆکە جەنگی یەکانی ئەو کاتە کە بریتی بوو لە فرۆکەی (میك) وە فرۆکەی (هەنتەر) کە ناپالمی دەهاویشت. پەلاماری هیزی قەرەداغ-یان دا لەم قۆلانەوە: گلەزەردە، جیشانە، سولیاوا ولەچەند جیگایەکی تریشەوە، بەلام مەبەستی یەکەمیان کردنەوەی دەرگایەك بوو لە سولیاواوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە سولیاواوە سەرکەوتنیان بەدەست بهینایە واتە مەبەستەکەیان مسۆگەر بوو. لیرەدا ئاماژە بە قارەمانیتی فەرماندەیەکی مەیدانی ئەو کاتە دەکەین، ئەویش کاك (شیخ حسین شیخ عارف) ناسراو بە (شیخ حسینی باخچە) یە کە سەرلقی دووی شارەزوور بوو.


شێخ حسێنی باخچە

ئەو پەلامارەی دوژمن چەند رۆژێکی خایاند، دوژمن لە سەر دەستی پێشمەرگە قارەمانەکانی جەبهەی سولیاوا چەند جار تێکشکا، بەڵام لە دوایین رۆژی شەڕەکەدا کە شەش رۆژی خایاند دوژمن بە ناچاری پەنای بردە بەر فڕۆکەی (هەنتەر)بە دەیان ناپاڵمی ئاراستەی سەنگەرەکانی تێکۆشەرانی شۆڕش کرد.

بەداخ وکەسەرێکی زۆرەوە شێرێکی قارەمانی مەیدان، شەهید شێخ حسین لە دواهەمین رۆژدا بە خوێنی گەشی خۆی چیای سولیاوای رەنگین کرد، بە ئاشکرابوون و شەهید بوونی ئەو فەرماندەیە هەورێکی رەشی چڵکن چیای سولیاوا و ناوچەی شارەزووری داپۆشی، تا ئێستاش خەڵکی ئەو دەڤەرە وەك داستان و سەر گوزەشتە بۆ منداڵەکانیانی دەگێڕنەوە .

# داستانی زۆزگ

زۆزگ یەکێکە لە چیا سەرکەشەکانی ناوچەی باڵەکایەتی . ئەو ناوچەیە زۆر جار دەکەوێتە بەر پەلاماری دڕندانەی دوژمـن. لە ڕۆژی ١٩٧٤/١٠/١٥ ز-دا، بە فەرمانی ڕاستەوخۆی مەکتەبی عەسکەری ئەو کاتە، بە بروسکەیەك داواکرا لە هێزەکانی (قەرەداغ، ئەزمڕ، زمناکۆ) هێزێکی پێشمەرگە بە هەمـوو پێداویسـتی یەکی جەنگی یەوە بنێرن بۆ ناوچەی گەڵاڵە،لەبەرئـــەوەی هێـزی دوژمن فشـاری بۆ ناوچەکە هێناوە. هەر بە گەیشتـنی بروسکەکە هێزێکی تۆکمـەی پێشمەرگە لەبەتالیۆنی (٤) ی قـەرەداغ بۆ ئەو مەبەســتەئامادە



جاسـم کافرۆشی و فـریق مە نمی

کرا بە فەرماندەیی هـەردوو سەرلق (صاڵحە ڕەش و فەریق حمەامین- ناسراو بە فەریق مەنمی)  پاشان هێـزەکە بەڕێ کرا بۆ ناوچەی گەڵاڵـە.

لە بەرەبەیانی ١٩٧٤/١٠/٢٥ ز دا  لە هەر سێ هێزەکە هێزێکی پۆڵایینی نزیکەی (٣٠٠) پێشمەرگەیی کۆبووەوە، بـە مـەبەستی گرتنەوەی چیای زۆزگ، هێزەکەی قەرەداغ لە سەد پێشمەرگە پێك هاتبوو بە فەرماندەیی (أحمد فتح الله، صاڵحە ڕەشـی مەنمی، فەریق مەنمی).

هێـزی زمناکۆ بە فەرماندەیی (قادر حمەصالح نەورۆلی)، هێـزی ئەزمـڕ بە فەرماندەیی (ئەشـرەف قارەمانی ،محمد سید علی حافظ) بوو.

لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا توانرا ئەو چیایە لە دەست دوژمنان بسەنرێتەوە. ئەو پۆلە پێشمەرگە قارەمانانە گەورەترین داستانیان تۆمار کرد. ئەو داستانە زەماوەندێکیش بوو بۆ قەل و دالەکانی ئەو چیایە کە لاشەیەکی زۆری کوژراوەکانی دوژمن بوو بە خۆراکیان.

لەم داستانەدا بە دەیان وەسـەدان لە سـەربازو ئەفسەری دوژمن بە دەستی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان کوژران یان بە دیل گیـران . وە بە سەدان پارچە چەکی هەمەجۆر و هەموو تەقەمەنی یەك کەوتە دەسـتی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان.

بە داخەوە شاباشی ئەم سەروەری یە بە خوێنی چەند شـەهیدو بریندارێك تۆمارکرا..کە ئەمانەیان لە بیرم ماوە.

١. شـەهید سعید أمین بەیجە.. داریزیایین، قەرەداغ.

٢. شـەهید صـدیق أحمد.. داریزیایین ، قەرەداغ .

٣. شـەهید نوری.. خاوێ، قەرەداغ.

٤. شـەهید حمید .. خاوێ، قەرەداغ .

٥. هەڤاڵ جاسم محمد.. بریندار ، خەڵکی بازیان بوو.

٦. هەڤاڵ أحمد کریم..بریندار،گوندی قازانقایە، قەرەداغ.

٧. هەڤاڵ رەشید حاجی سعید..بریندار،تەنگی سەر، قەرەداغ.

# داستانی عەربەت-سلێمانی

هێزێکی دوژمن پێك هاتبوو لە سوپا و جاش بە پشتیوانی دەیان تانك و زرێپۆش وفڕۆکەی جەنگی، سەرلە بەیانی ڕۆژی ١٩٧٤/٤/١٢ ز لە سلێمانی یەوە بەرەو عەربەت کەوتە ڕێ، لە نزیك گوندی (فەرەج ئاوا) پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی خەبات بەرەنگاریان بوونەوە لە گزنگی بەیانی یەوە شەڕ دەستی پێکرد تا کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆی خایاند.

لەو داستانەدا بە دەیان لاشەی سەربازوجاش و ئەفسەر لەو مەیدانی شەڕەکەدا جێما و نزیکەی ٢٠ سەرباز و جاش بە دیل گیران، وە چەندین تانك و زرێپوش و زیلی سەربازی بە تێکشکاوی بە جێما. دوژمن لە تۆڵەی ئەو شکستەیدا کوێرانە کەوتە وێزەی دەوروبەری مەیدانی شەڕەکە وگوندەکانی ئەودەڤەرەی بۆردوومان کرد. پاشان بە شکستێکی گەورەوە هێزە بەزیوەکەی دوژمن بەرەو سلێمانی کشایەوە.

پاش گەڕانەوەی دوژمن خەڵکی گوندەکانی دەورو بەرو هەردو دۆڵی ئەوناوە دەگەڕان بۆ چەك و تەقەمەنی فرێدراوی ئەو سەربازو جاشانەی لەو داستانەدا هەلاتبوون. ئەم داستانە بێوێنەیە بە فەرماندەیی ئەم هەڤالانە بوو..کە هەموویان سەرلق بوون .

١. أحمدە سوور ڕەباتی
٢. ملازم حمە سعید بانەڵەیی
٣. شێخ جمال چەوتانی

٤. کمال هـاواری

٥. علی حاجی حمه رەش

٦. فەتاحە سـوور

٧. کـریم خوارەحـم

ئەم سـەروەری یە بێوێنەیە بە خوێنی ئەم فەرماندە قارەمانانە تۆمار کرا..

١. شـەهید مـلازم حمه سـعید بانەڵەیی

٢. شـەهید شیخ جمـال چەوتانی

٣. شـەهید کمال هاواری

# داسـتانی چیـای سەرتیژ

چیـای سەرتیژ یەکێکە لەچیا سەرکەشەکانی ناوچـەی باڵەکایـەتی هەمیشە دوژمن هەوڵی گرتنی دەدات ، لەبەر ئەوەی چیاکانی ئەو ناوچەیەلە رووی بەرزی یەکانیانەوە بۆ دوژمن وە هەروەها بۆ هێزی پێـشمەرگەش ناوچەیەکی سـتراتیژی بوون چونکە پشتێنەی ئەمنی سـەرکردایەتی بوو، بۆیە دوژمـن لە فرسەت دەگەڕا کە فشاری سـەربازی لەو ناوچەیە زیاد بکات. بەڵێ دوژمن توانی لە شـەوی ١٩٧٤/١/٧ ز دا، پاش بـۆردومانێـکی خەسـت کە چەکی فسـفۆڕی تیا بەکار هێنا بیـگرێت.

لە شەوی ١٩٧٤/١/١٤ز دا پاش تێپەڕینی یەك هەفتە بەسەر گرتنیدا، هەردوو بەتالیۆنی (٦)ی زمناکۆ و (٧)ی خەبات بە فەرماندەیی (هەڤاڵ حمە شەمێرانی وە هەڤاڵ نوری حمە علی) لە ماوەی دوو کاتژمێردا توانرا هەموو رەبی یەکانی دوژمن لە چیای سەرتیژ لە قەلەڕەشەکانی بەعسی خوێناوی پاك بکرێتەوە .

زۆر چاك لە یادمە کوژراوەکانی دوژمن لەم داستانەدا گەیشتە (٢١١) کوژراو. لە هێزی پێشمەرگەش یەك پێشمەرگەی زمناکۆ شەهید بوو وە شەش برینداریشمان هەبوو.

شاخی سەرتیژ لە ماوەی هەفتەیەکدا بووە گۆڕستانی دوژمن و نەیتوانی لەبەردەم دەست وەشاندنی هێزی پێشمەرگەدا خۆی رابگرێت .

بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنە بێ وێنەیەوە جەنابی سەرۆك بارزانی هەردوو فەرماندەی بەتالیۆنی (٦ و٧) ی خەلات کرد، هەریەکەیان جێبێکی کورتی ئەو کاتەی پێبەخشین وە خەلاتی یەکەیەکەی پێشمەرگەقارەمانەکانیشی کرد.

# داستانی چیای دەرگەزێن

ساڵی ۱۹۷٤ز کاتێك دوژمن لە ڕێکەوتننامەی ۱۱ی ئازاری ۱۹۷۰ ز خۆی دزی یەوە. جارێکی تر رووی ئاگری شەڕی کردەوە گەلەکەمان. ئەو ساڵە کاتێك شەڕ دەستی پێکردەوە ڕێگای سەرەکی نێوان کەرکوك سلێمانی لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بوو، جگە لە سەربازگەیەك کە بە گەمارۆ دراوی لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە مابووەوە لە دەربەندی بازیان واتە (بەردە قارەمان). دوژمن بە هێزێکی زەبەلاحی سوپاو جاشەوە بە پشتیوانی تانك و زرێ پۆش وە لە ئاسمانەوە بە فڕۆکەی جەنگی لە جۆری سیخۆ لە کەرکووکەوە بەرەو ئەو سەربازگەیە هێرشیان هێنا.

پاش چەند رۆژێك شەڕ لە ناوچەی نێوان چەمچەماڵ و دەربەند بازیاندا، هەردوو هێز(رزگاری و کەرکوك) لەو داستانەدا بەشداربوون وە بەدەیان سەربازو جاش لە دوژمن کوژران و بە دیل گیران، لەگەڵ تێکشکاندنی چەندین تانك و زرێپۆش و زیلی سەربازی شەڕەکە دەهات بەرەو سەربازگەکە. پاش سێ رۆژ دوژمن بە زیانێکی زۆرەوە ماڵی و گیانی گەیشتە سەربازگە گەمارۆ دراوەکە.

لە بەرەبەیانی ۱۹۷٤/٤/۲٥ ز-دا،هێرشێکی بەربڵاویان هێنا بەرەو زنجیرە چیای دەرگەزێن و گوندی دەرگەزێن. پێشمەرگە قارەمانەکانی لقی دوو بەتالیۆنی چوار بەفەرماندەیی کاك (نجم الدین حسن) وە کاك (حمە خاڵە بازیانی) بەرەنگاریان بوونەوە. ئەو رۆژە زیاتر لە چوار پەلاماری دوژمن تێکشکێندرا، وە زیاتر لە(۸۰) کوژراو و بریندایان لێکەوت، لەگەڵ

کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی جۆری سیخۆ کە لە چیای (کەڵەشێرە) بە چەکە دژەئاسمانی یەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێکرا.
تا ئێستاش خەڵکی ئەو ناوچەیە شاهیدی زیندووی ئەو داستانەن.

## داستانی تووە سووران

ڕۆژی ١٩٧٤/٨/٩ز، تۆپخانەی لەشکری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆردومانێکی چڕی سەربازگەی تووەسوورانیان کرد، بۆردوومانەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ وە دەستی پێکرد تا کاتژمێر ٧ی ئێوارە. ئەو سەربازگەیە دەکەوێتە نێوان هەردوو شارۆچکەی (ڕانیەو قەڵادزێ) وە.

هێزێکی هاوبەش لە (بەتالیۆنی ئاسۆس و هێزی کاوە) پێکهات بۆ پەلاماردانی ئەو سەربازگەیە، شەوی ١٠/٩ی مانگی ١٩٧٤/٨ز لەسەر بەرنامەیەکی داڕێژراو هێزەکە هێرشەکەیان دەست پێکرد. ئەو فەرماندانەی ئەو کارەیان پێ سپێردرابوو ئەمانە بوون :

١. عزالدین قەرە محمد، فەرماندەی بەتالیۆن لە هێزی کاوە.
٢. عزالدین مەلا سلێمان ، سەرلق لە بەتالیۆنی ئاسۆس .
٣. مەلازم یاسین حاجی غریب، سەرلق لە بەتالیۆنی ئاسۆس .
٤. محمود حاجی رەشید، سەرلق .

کاتێك هێزەکان گەیشتنە ئەو سەربازگەیە و دەوروبەری لەسەر ئەو بەرنامەیە کە دانرابوو بۆ پەلامارەکە، چوونە ناو سەربازگەکەو ماوەیەك بە سەربازگەکەدا ڕۆیشتین بینیمان چەند دەبابە و زیل وسەیارەی

سـەربازی سـووتابوون یا تێکشکابوون . پاشماوەی هێـزی دوژمـن کە مابوون لەو سەربازگەیە لای خوارووی سـەربازگەکە خۆیان حەشار دابوو. کاتێك لـێیان نزیك بـووینەوە شـەڕدەسـتی پێکرد، ئەوەنـدە دەسـتەویەخە بوو تەنها نارنجۆکی دەستی و چەکی سـووك بەکار دەهات. دۆشـکەی دەبابەکان هیـچ کاریگەری یەکی نەبوو هێندە نزیك بووین.

لەو داستانەدا سـێ رۆژنامەنووسی بیانییـمان لەگەڵدا بوو ، کە لەم وێنەدا یەکێکیـان دیارە کە ئەویش (جۆن بیکۆ) رۆژنامەنوسـێکی فەرەنسـی بوو ..


دانیشتووەکان

رۆژنامە نووسەکان زۆر سەرسام مابوون لەو هەڵمەتانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەو داستانەدا گەورەترین سەروەری تۆمار کرا. دەستکەوتەکان زۆر بوون لە هەموو کەرەستەیکی سەربازی.

بەڵام بە داخەوە شاباشی ئەو سەرکەوتنە پیرۆزە بە خوێنی شەهیدی فەرماندە کاك (عزالدینی قەرە محمد، علی مەجیدە سوور، یادگار مەجیدە سوور چەمچەماڵی) و پێشمەرگەیەکی تر تەواو بوو، لەگەڵ برینداربوونی حەوت پێشمەرگەدا.

# داستانی چیای زمناکۆ

چیایەکی بڵند دەڕوانێت بە سەر شاری دەربەندیخاندا، ئەم چیایە چەند رەبییەکی گەورەی دوژمنی پێوە بوو گوایە پارێزگاری لە بەنداوی دەربەندیخان دەکەن.

لە رۆژی ١٩٧٤/٦/١٢ زدا پێشمەرگە قارەمانەکانی بەتالیۆنی(٦)ی هێزی زمناکۆ لەسەر نەخشەیەکی دارێژراوی سەربازی توانی یان لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا کۆنترۆڵی هەموو رەبییەکانی سەر چیای زمناکۆ بکەن، هەموو ئەفسەرو سەربازەکانی ئەو رەبی یانە بە دەستی رۆڵەکانی ئەو بەتالیۆنە قارەمانە کوژران یا بە دیل گیران یان لە چیاکەوە هەڵدێران، هەموو پێداویستی یە سەربازی یەکانیان کەوتە دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ئێمەش هەر ئەو ڕۆژە وەکو بەتالیۆنی(٣)ی قەرەداغ ڕەبییەکانی (هەسەنە کارە)مان پاك کردەوە لە دوژمن لە نزیکەوە ئاگامان لە یەکتر بوو، ئەوتوانم بڵێم زیاتر لە (٣٠) جار فڕۆکە جەنگی یەکانی دوژمن لە جۆری سیخۆ چیای زمناکۆیان بۆردوومان کرد لە تۆڵەی ئەو شکستەیاندا.

ئەو تێکۆشەرانەی فەرماندەیی ئەو داستانەیان دەکرد، یادیان بەخێر ئەمانە بوون:

حمە شەمێرانی، فەرمانەدەی بەتالیۆنی شەشی هێزی زمناکۆ.

کریم عبداللە،ناسراو بە کریمی عبدالله خاسە. سەرلق.

جلال لاوەرانی .. سەرلق .

حمەامین شەمێرانی.. سەرلق.

جگە لەمانە چەندین فەرمانده بە پلەی بەرپرسی عەسکەری، یا سەرپەل فەرماندەیی شەڕەکەیان دەکرد.

# شـەهیدان

## شـەهید ئەشـرەف قـارەمانی

﴿ ئەمەیان لە مردنـی کوڕەکەم زەروورتـرە ﴾..!!

کاك ئەشـرەف سالّی ١٩٣٠ ز لە گوندی (قارەمان) ی سـەر بە ناوچەی قەرەداغ چاوی بە دنیا هەلّهێناوە. سالّی ١٩٤٨ ز لە بری سـەربازی دەبێت بە پۆلیس لەو سـەردەمەدا کەسێکی خوێندەوار دەبێت، بۆیە لە وەزیفـەی پولیسیدا پاش چەند سالّێك دەبێت بە (رئیس عرفا) ی پۆلیس. سالّی ١٩٦٣ ز دەبێت بە بەڕێوەبەری پۆلیسی مەرکەزی دوجەیلە(ناحیەی سیروانی ئێستا) سەر بە ناوچەی هەلّەبجە . ئەم پیاوە نیشتیمان پەروەرە وەکو کادرێکی رێکخستنی شـۆڕش توانیویەتی هەموو پۆلیسـەکان ئامادە بکات . دیارە لەو کاتەدا شـۆڕش لەو ناوچەیەدا لە رووی چەك و پێـشمەرگەوە پێویستی یەکی زۆری هەبووە بە ئەشـرەف قارەمانی، بۆیە داوایان لێکرد پەیوەندی بکات.



لە شـەوی ١٩٦٣/١٠/٢٤ ز دا، توانی لەگەلّ برادەرەکانی وە تەواوی چەك و تەقەمەنی وە بێسـیم و هەموو پێداویستی یەکانی ناو مەرکەزەکە ببـەن و بچنە ریزی شـۆڕشەوە . وەکو لە پێشدا لە کتێبەکەدا ئاماژەم پێداوە ، ئەفسـەرو پۆلیسەکانی کوردستان پشتـیوانی شـۆڕش بوون .

ئەشرەف قارەمانی پیاوێکی سیاسی و سەربازی بووە بۆیە توانیویەتی بە لێهاتویی پلەکانی پێشمەرگایەتی ببڕێت تا سەرلقی، بەشداری وە فەرماندەیی چەندین نەبەردی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە. ئەم پیاوە کەسایەتی یەکی ناوداری ناوچەکە بوو.

رۆژێك کوڕێکی نەخۆش دەبێت بە ناوی (مەریوان) تەندروستی زۆر خراپ دەبێت، هەر لەو کاتەدا شەڕ دەست پێدەکات، ئەم پیاوە هەڵدەستێت بەرەو شەڕەکە دەڕوات، چەند هەنگاوێك دوور ناکەوێتەوە بانگی لێدەکەن کە بگەڕێتەوە چونکە (مەریوان) ی کوڕت وەفاتی کردووە، پاش هەڵوێستەیەك بەرەو شەڕەکە دەڕوات و دەڵێت ﴿ ئەمەیان لە مردنی کوڕەکەم زەرورترە ﴾..!

فەرماندەو پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول بەم شێوەیە نیشتمانەکەیان لە جگەر گۆشەکانیان خوشتر دەویست.

ئەشرەف قارمانی پیاوێکی خواناس و دین قایم بوو لە گەرمەی شەڕدا ئەگەر کاتی نوێژ بوایە نوێژی خۆی دەکرد. کەسایەتی یەکی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی ناوچەی قەرەداغ و شارەزوورو گەرمیان بووە. پیاوێکی ناسراوو لێهاتوو بووە لە شۆڕشدا. مەخابن کاك ئەشرەف قارەمانی لە رۆژی ١٩٧٨/٤/٢٥ زدا بە کارەساتێکی دڵتەزێن شەهید بوو.

# شەهید ..
# عومەر صالح مەنصوور



شەهید عومەر لە بنەماڵەیەکی نیشتمان پەروەر لەساڵی ١٩٤٢ زدا، لە شاری سلێمانی چاوەکانی بە رووی بەرزی چیای گۆیژەدا هەڵهێناوە.

کاتێک گەیشتووەتە تەمەنی هەرزەکاریی سەرقاڵی بژێوی خێزانەکەیان بووە. بەڵام هەر لەو تەمەنە لاوی یەدا لە نێو چاوەکانیدا ئازایەتی و نیشتمان پەروەری دەبینرا. بۆیە هەر لە ساڵی ١٩٦٢ زەوە پەیوەندی بەرێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات. لەو سەردەمەدا چەندین کاری نهێنی ئەنجام دەدات، دواتر لە رۆژی ١٩٦٣/١١/١٨ز- دا داوا لە باوك و دایکی دەکات کە بچێتە دەرەوە و ببێت بە پێشمەرگەی شاخ بۆ خزمەت کردنی گەل و نیشتمانەکەی ئەوانیش بە شانازی یەوە قبوڵی داواکەی دەکەن.

کاکە عومەر ئەوەندەی تر دڵخۆش بوو کەببێتە پێشمەرگەی نیشتمانەکەی. لە رۆژی ١٩٦٣/١٢/٢ز دا بەرەو باوەشی گەرمی پێشمەرگایەتی و شۆڕش دەڕوات و دەبێت بە پێشمەرگە لە هێزی خەبات. ئەم هەڵۆیە رۆژ بە رۆژ وەکو بەری بەیان کەوا وردە وردە رووناك دەبێتەوە وە خۆر هەڵهاتنی

بە دواوەیە، گەشە دەکات و هەڵدەکشێت.

شەهید لە رووی پەروەردە گەورەکەیەوە رۆژانە لای خەڵکی کوردستان و بە تایبەت خەڵکی سنووری هێزی (خەبات) خۆشەویستتر دەبوو. بوو بەو فەرماندە بێ وێنەیەی کە جەنابی سەرۆك بارزانی خۆی خۆشی دەویست. پلەکانی پێشمەرگایەتی یەك بە دوای یەکدا بڕیوە، لە فەرماندەی مەفرەزەوە هەتا فەرماندەی بەتالیۆن. دیارە فەرماندەکانی ئەوکاتە دەبوایە لەرووی سەربازی وسیاسی و کۆمەڵایەتی یەوە خاوەنی گەورەترین توانا بوونایە ئەو کاتە ئەو پلانەیان پێ دەبەخشرا، شەهید عومەر یەکێك بوو لەو کەسانەی ئەو سیفەتانەی بەرکەوتبوو.

شەهیدی فەرماندە خاوەنی دەیان داستانی بێ وێنەیە لە ژیانی پێشمەرگایەتی و فەرماندەیی دا، فەرماندەی داستانەکانی شاربازێڕ، شارەزوور، هەورامان، داستانەکانی سەرکردایەتی، وە راستەوخۆ فەرماندەیی و لێپرسراوێتی مەفرەزەکانی ناوشاری گرتۆتە ئەستۆی خۆی. دوا داستانی کە بە خوێنی خۆی تۆماری کرد لە رۆژی ١٩٧٣/١١/٨ ز-دا لە ئازادکرنی چیای گوڵان لە خۆرئاوای دەربەندیخان بوو کاتژمێر ٨,٣٠ سەرلە بەیانی لە پەلامارێکی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، کە شەهید عومەر سەرپەرشتی دەکرد، شاباشی ئەو سەروەری یەی بە خوێنی شەهیدان کاك (عومەر صالح مەنصوور وکاك نووری شەریف و کاك محمد حەوت برا) تۆمار کرا ، وە لەم داستانەدا کاك فایەق شەمەیی بەسەختی بریندار دەبێت کە لە پاش حەڤدە ساڵ بەو هۆیەوە شەهید بوو..

# شەهید عومەر میرزا



شەهید عومەر لە ساڵی ١٩٤٩ز دا، لە گەڕەکی ( مەلکەندی ) لە شاری سلێمانی چاوە گەشەکانی بە رووی چیای گۆیژەدا هەڵهێناوە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری سلێمانی تەواو کردووە. هەر لە تەمەنی لاوێتی یەوە کوڕێکی هەڵکەوتوو بوو، بە راستی پیاوێکی خواناس و بە دین بوو،لە گەرمەی شەڕدا ئەگەر کاتی نوێـژ بوایە دەبوو نوێژی خۆی بکردایە.

شەهید عومەر ساڵی ١٩٦٥ز لە هێزی قەرەداغ دەبێـت بە پێـشمەرگە. لەبەر لێهاتوویی و ئازایی خۆی دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە. لە لقی (٣) ی بەتالیۆنی (٩) لە ناوچەی گەرمیان. ئەم کەڵە پیاوە بە هۆی ئازایەتی و رەوشت بەرزی و گونجانی لەگەڵ برا پێـشمەرگەکانی دا، پلەکانی پێشمەرگایەتی دەبڕێت تا دەگاتە پلەی (سەرلقی). شەهید عومەر فەرماندەیی دەیان نەبەردی کردووە لە ناوچەکانی گەرمیان و قەرەداغ و شارەزوور. دوو جار بە سەختی بریندار دەبێت، بەڵام لە دوا داستانیدا لە

(چیای گولان) لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەی قارەماندا لە نەبەردی یەکی بێ وێنەدا لە ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٥ ز دا شەهید دەکرێن.

ئەو پێشمەرگە قارەمانانەش کە لەگەڵ کاك عومەردا شەهید بوون ئەمانەن :

١. ڕۆستەم محمد ..ناسراو بە ڕۆستەم گەلالی ... سەرپەل .

٢. فتاح مارف، خەڵکی گوندی هۆرێن... سەرپەل .

٣. کاك تاهیر ،ناسراو بە مامەتالە... سەرپەل .

٤. محمد مجید،خەڵکی گوندی بەڵخەی قەرەداغ، پێشمەرگە.

٥. أحمد تالاوی ... سەرپەل .

٦. محمد حاجی عبدالعزیز ناوتاقی...پێشمەرگە.

٧. سلێمان گەرمیانی ... سەرپەل .

# خاتوو عیسـمەت خان

## خوشکی شـەهید عـومەر مـیرزا

### کورتە باسێك لە قارەمانێتی کەڵەئافرەتێکی شۆڕشگێڕی کورد



خاتوو عیسمەت میرزا ،خوشکی شەهیدی فەرماندە عمر میرزایە. لە رۆژی ١٩٧٤/٤/٢٥ ز دا، کاتێك هەڤاڵ عومەری برای شەهید دەکرێت عیسمەت خان وە کو ئافرەتێکی سەردەم قارەمانانە هەردوو کۆرپەکەی شەهیدی برای دەگرێتە ئامێزو زۆر بە نازداری هەردووکیان پەروەردە دەکات. کۆرپەکان بە ناوی کاکە عەتا و بەنازخان. ئەم کەڵە ئافرەتە نمونەی ئەو ئافرەتانەیە لە شۆڕشەکانی کورددا ناودار بووە

# شەهید أحمد سوور رەباتی

أحمد محمود ناسراو بە (أحمد سوور رەباتی) ساڵی ١٩٤٣ز، لە گوندی(رەبات ) لە ناوچەی سەنگاو لە دایك بووە. لەبەر نەبوونی قوتابخانە لەو ناوچەیەدا نەخراوەتە بەر خوێندن. لە تەمەنی دەستە لاویدا سەرقاڵی بژێوی خێزانەکەی بووە کە لەو سەردەمەدا باری بژێوی خێزانەکەیان سەخت بووە. ئەم لاوە خوێن گەرمەش سەرقاڵی بژێوی و ژیان بووە.



شەهید أحمد هەر لە تەمەنی لاویدا کەسێکی لێهاتوو بووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٦٣ ز-دا روو لە بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات و لە هێزی قەرەداغ دەبێتە پێشمەرگە، لەلقی(٣)ی (داریکەلی) ئەوکاتە. بەڵام رۆژ بەرۆژ لەناو جەماوەری گەلەکەمان و هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا دەردەکەوت .

شەهید خاوەنی دەیان نەبەردی بێ وێنەیە لە ریزی پێشمەرگەی کوردستان دا، چەند جارێك بەسەختی بریندار دەبێت. پلەکانی پێشمەرگایەتی دەبڕێت، لە فەرماندەی مەفرەزەوە بۆ سەرلقی درێژە بـــە خەبــاتی دەدات. پاش پیــلانە خیانەتکاری یەکەی جەزائیر نەگەڕایەوە بۆ عێراق و ئاوارەی دیوی ئێران دەبێت

لەگەڵ خێزانەکەیدا. هەر لە هەڵسانەوەی شۆڕشی گوڵاندا شەهید بووەتە پێشمەرگەی شۆڕش و دواتر پلەی فەرماندەیی پێدرایەوە.

فەرماندەیی دەیان داستانی کردووە، بەشداری سەروەری داستانەکان واتە داستانی (خواکورک)ی کردووە، ئەو داستانەی کە جەنابی کاك مەسعود بارزانی خودی خۆی لە سەنگەری پێشەوەدا فەرماندەیی راستەوخۆی شەڕەکەی دەکرد.

شەهید أحمد لە ساڵی ١٩٦٣ ز وە تا ساڵی ١٩٩٥ز واتە ٣٢ ساڵ خەباتی بێ وچانی بۆ نیشتمانەکەی ئەنجام داوە. لەرۆژی ١٩٩٥/٢/١٩ ز لە گوندی قەسرێ سەر بەناوچەی گەڵاڵە بە زمانی بەرۆژووەوە بۆ دواجار ماڵ ئاوایی لە نیشتمان و هاوسەنگەرانی دەکات.


شەهید وەستا قادر

بنەماڵەی شەهید أحمد هەر تەنها خۆی لە شۆڕشدا نەبووە،بەڵکو برای شەهید وەستا قادرە کە ئەویش لە داستانی (چیمەن) دا لە راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ز-دا شەهید بووە. وە هەروەها کاك اسماعیلی برای شەهید، دەستێك و چاوێکی لە دەست داوە لە شۆڕشدا.

ئەم بنەماڵە بەڕێزە سەربەرزن بە بەخشینی دوو رۆڵەی بە ئەمەك بە نیشتیمانەکەیان و برینەکانی کاك اسماعیل شاهیدی زیندووی سەربەرزی ئەم بنەماڵەیەن.

# شەهید عبداللە ئاغا

شەهید عبداللە حمه امین ناسراو بە عبداللە ئاغا،ساڵی ١٩٤٨ ز لە گوندی



(زێ) ی شارباژێڕ چاوە گەشەکانی بەرووی نیشتمانە ستەم لێکراوەکەیدا هەڵهێناوە. ساڵی ١٩٥٥ز دەچێتە قوتابخانە لە گوندەکەی خۆیان و پاشان قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی سەرشەقام و قۆناغی ناوەندیش هەر لە شاری سلێمانی و قوناغی دوا ناوەندی لە شاری بەغدا تەواو دەکات . ساڵی ١٩٦٦ ز دەچێتە زانکۆی (موسڵ) وساڵی١٩٧٠ز، کولێژی ئەندازیاری بەشی بیناسازی تەواو دەکات.

ساڵی ١٩٧١ز پەیوەندی دەکات بە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولەوە. بە بڕیاری راستەخۆی مەکتەبی عەسکەری دەکرێت بە فەرماندەی بەتالیۆنی (١)ی هێزی کەرکوك. شەهید عبداللە ئاغا هەرچەند ئەندازیارێکی مەدەنی بوو ، ئەندازیاریش بوو لە بواری سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتیدا. شەهید عبداللە لە رووی پەروەردە گەورەکەیەوە خۆشەویستی ناوجەماوەر و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو. شەهید لە شۆڕشدا ئەوەندە عەدالەت بوو. خەڵکی پێیان خۆش بوو کێشە کۆمەڵایەتی یەکانیان بچێتە بەر دەستی ئەو بۆ چارەسەرکردن. لە رووی سەربازی یەوە ئەندازیارێکی دەرچووی کۆلێژی سەربازی بوو.

من وەکو نووسەر لە داستانەکانی ناوچەی گەرمیان بە گشتی و ناوچەی قەرەداغ، لە گرتنی رەبییەکانی پشت تونێلی دەربەندیخان وە داستانی دۆڵی پڵنگان لە ناوچەی باڵەکایەتی هەڤاڵی بووم. باس لە کەسێك دەکرێت دەڵێن (جیڤارا ) دەتوانم بڵێم شەهید عبـداللە جیـڤارایەکی کورد بوو.

شەهید ئەو فەرماندەیە بوو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوە بووە، بۆیە شەهید بوونی شاهیدی ئەو خەباتەیە کە لە سەنگەری شۆڕشدا نواندوویەتی.

پاش وەیشوومەکەی ۱۹۷۵ز، شەهید عبداللە وەکو فەرماندەیەکی ناسراو کە دوژمن لێی دەترسا دوور خرایەوە بۆ پارێزگای (سەماوە) لە باشووری عێراق. شەهید وەکو پیاوێکی تێکۆشەر و نەبەزیو لەوێش دەستی کردەوە بە رێکخستنەوەی خەڵکی بۆ ئەوەی خەڵکی نائومێد نەبن بەو دوورخستنەوەیە. پاش چەند ساڵێك رژێمی بەعس سیاسەتی چەوتی خۆیانیان گۆڕی و دەستیان کرد بە ناردنەوەی شۆڕشگێڕە دوور خراوەکان بۆ جێگای خۆیان. شەهید عبداللە – یش یەکێك بوو لەو کەسانەی گەڕایەوە بۆ سلێمانی. پاش گەڕانەوەی وەك ئەندازیار دامەزرا لە ئیدارەی محەللی سلێمانی. یەکترمان زۆر خۆشدەویست، رۆژانە لە فەرمانگەکەی دەچووم بۆ لای وە یان پاش دەوام ئەو دەهات بۆ لام بۆ ماڵەوە.

رۆژێك لەگەڵ کاك عمری حمە مراد چووین بۆلای بۆ فەرمانگە پێی وتین (ئەم ئێوارەیە میوانی منن). دەمەو ئێوارە چووین بۆ ماڵیان کە لە گەڕەکی گوێژە بوو هات بەپیرمانەوە، دەستێك رانك و چۆغەی خورمایی لەبەر کردبوو کڵاوجامانەی لەسەر کردبوو، هەروەك رۆژانی پێشمەرگایەتی پاش دانیشتمان لەلای نامەیەکی هێنا دای بەدەست منەوە. منیش خوێندمەوە.. نامەکە لە لایەن جەنابی کاك (ئیدریس بارزانی) یەوە بوو. لە نامەکەدا وا دەردەکەوت کە

وەڵامی نامەیەکی پێشتری کاك عبدالله بێت. بۆیە لە نامەکەدا کاك ئیدریس دەڵێت: ﴿ جارێ بووەستە هەتا بە نامەیەکی تر ئاگادارت دەکەمەوە﴾. ئەو شـەوە پێکەوە دانیشتین تا کاتژمێر یازدەی شـەو لە داستان و یادەوەری یەکانی رابووردـو باسمان کرد.

ساڵی ١٩٧٧ ز، جارێکی تر کاك عبدالله رووی لە بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردەوە لە شۆڕشی گوڵاندا بووەوە بە پێشمەرگە لە بەر لێهاتوویی و ئازایەتی خۆی جارێکی تریش پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوەتەوە تا گەیشتووەتە پلەی ( ئەندام سـەرکردایەتی) .

ساڵی ١٩٨٧ ز دەیویست داستانێك تۆمار بکات بە گرتنی شاری دەربەندیخان بە شێوەی ئینقـیلاب لەو شارەدا دژی حوکمی دکتاتۆری بەعس، بەڵام ئەو تاقمە خائینەی کە بەڵێنیان پێدابوو وە چەکداری رژێم بوون . ئەو بنەماڵە خائینە لە رێگای هەندێك خەڵکی دڵسۆزەوە بەڵێنیان دابوو، بەڵام لە ناخدا ئەوان نیازی ناپاکی یان هەبوو لەگەڵ کاك عبداالله دا. ئەو بنەماڵە خائینە لە رووی رەوشتەوە ناوبانگێکی خراپیان هەبوو لە ناو جەماوەردا.

بەڵام قەدەر وابوو دەبوایە شـەهید عبدالله و هەڤاڵەکانی لەو رۆژەدا شـەهید بن وەکو خوای گەورە دەفەرموێت..

بسم الله الرحمن الرحیم

﴿ فاذا جاء أجلهم لا يسـتـأخرون سـاعة ولا يسـتقدمـون ﴾..!!

# شەهید نوری شەریف



کاکە نوری لە دایك بووی بنەماڵەیەکی هەژار و نیشتمان پەروەر لە شاری سلێمانی بە دنیاوە هاتووە.هەر لەم شارەدا خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. بەڵام بە هۆی هەژاری و نەداری خێزانەکەیەوە نەیتوانیوە پلەکانی خوێندن تەواو بکات.

لە ساڵی ١٩٦٥ ز دا، دەبێت پێشمەرگە لە هێزی خەبات لە تەمەنێکی زۆر کەمدا، بەشداری زۆر لە داستانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە.پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە لە سەرپەلی یەوە تا سەرلقیی، بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا زۆر لەوپلەیەدا بمێنێتەوە.

شەهید نوری پیاوێکی زۆر بە جەرگ و لێهاتوو بولە زۆر لە داستانەکاندا هاورێ یەتیم کردبوو..سەرسام بووم بەو ئازایەتی یە بێ وێنەیەی لەو پیاوەدا کۆ ببووەوە. ئەوەی ئیستا لە یادم بێت لە داستانی گوندی عەرەبەکان لە ناو شارۆچکەی (دووز) کە لەوێدا بریندار بوو. هەروەها داستانی عەربەت و دوکانیان و ئەزمڕ.

لە دوا داستانیدا لە چیای گوڵان لە ڕۆژی ١٩٧٣/١١/٨ ز دا لە کاتژمێری ٧,٣٠ دەقیقەی سەر لە بەیانی لە هێرشێکدا بۆ سەر مۆڵگەو ڕەبی یەکانی دوژمن بە دەستی ڕەشی دوژمنان شەهید دەکرێت و چاوەکانی لێك

دەنێت، بۆ دواجار ماڵئاوایی لە چیای گوڵان و کوردستان و هاوسەنگەرانی دەکات.

ئێمەش وەك هاوسەنگەرێکی ئەو کەڵە شەهیدە هەر ئەوەندەمان لە دەست دێت کە بە ئەمانەتەوە داستانەکان و یادەوەری یەکانی بپارێزین و وەکو چیرۆکێك بپارێزین.

# خانەقین

خانەقین یەکێکە لە شارۆچکە پڕبەهاکانی کوردستان.. خانەقین پێناسەکەی شەهید (لەیلا قاسم) ی سەربەرزە ، خانەقین هەمیشە سەنگەری پێشەوە بووە لەبەردەم دوژمنانیدا،خانەقین مەڵبەندی شێرە کوڕانی بووە لە شۆڕشەکانی کوردا ، خاوەنی دەیان تێکۆشەری وەکو اکبر حیدر وشەهید حمەعلی و دەیان قارەمانی ترن. لێرەدائاماژە بە خەباتی کوڕە خانەقینی یەك دەکەم...

# زۆراب شریف رشید زەنگەنە



ساڵی ١٩٥٠ ز، لە شاری خانەقین لەدایك دەبێت، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە شارەکەی شەهید لەیلا قاسم تەواو دەکات، ساڵی ١٩٦٩ ز لە بەتالیۆنی(٦)ی هێزی خەبات لە بناری بەمۆ دەبێت بە پێشمەرگە. بەشداری دەیان نەبەردی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە. ساڵی ١٩٧٠ ز خولی کادێری تەواو دەکات لە ناوچەی گەلاڵە وە بە پلەی یەکەم دەدردەچێت. پاشان دەبێت بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی خانەقین. ئەرکی حیزبی لە زۆر ناوچەی کوردستان دەبینێت. وەکو قەرەداغ و قەڵادزێ و سەرکەپکان و بناری ئاسۆس. راپەڕینی بەهار ١٩٩١ ز بە چاوی خۆی دەبینێت. مەخابن رۆژی ١٩٩١/٨/١٥ ز ، دڵـە کوردپەروەرەکەی لە لێدان دەکەوێت و بەرەو کاروانی سەربەرزی شەهیدان دەڕوات .

# شـەهید کریم محمـد



شـەهید کریم محمـد، ناسـراو بە (کریمی حـەمۆل) ساڵی ١٩٤٢ز، لە گوندی (بانی خێران) ی قەرەداغ لە دایك بووە. ساڵی ١٩٦٧ز لە لقی (١) ی قەرەداغ دەبێت بە پێـشمەرگە. ساڵی ١٩٧٠ز، دەبێت بە پاسەوانی سنوور لە فەوجی پێنجی سـەنگاو. ساڵی ١٩٧٣ز دەبێت بە فەرماندەی دژەئاسمانی یەکانی بەتالیۆنی چواری قەرەداغ.ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لە پاراستنی بنکەو بارەگاکانی پێـشمەرگە و ناوچەکە لە فڕۆکە شـەڕەنگێزەکانی دوژمن.

مەخابن ساڵی ١٩٩٥ ز لە کارەسـاتێکی چاوەڕوان نەکراودا شـەهید دەبێت.

# شـەهید
# عـطا محی الدین بـاخچـەیی



شـەهید له ساڵی ١٩٤٨ز له گوندی باخچەی شارەزوور له دایك دەبێت، ساڵی ١٩٦٨ ز له هێزی قەرەداغ دەبێت به پێشمەرگە. بەشداری نەبەردەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووه . مەخابن رۆژی ١٩٧٤/١٠/٧ز، شـەهیدکرا له چیای زۆزگ لەگەڵ شـەهیدان (مـلازم محمـد و شـەهید محمـود) دا.

# شـەهید
# ئەورەحمـانی سـەید عـلی

شـەهید ساڵی ١٩٢٧ز، لە شـاری سلێمانی لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایك دەبێت.خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات، سـاڵی ١٩٤٥ز لەبری خزمەتی سـەربازی دەبێت بە پۆلیس لە ناوچەی بادینان لە مەخـفەری (ئال گوش) هەر لەو ناوچەیە خێـزان پێکەوە دەنێت، دواتر دەبێت بە مـفەوەز و دەگوازرێتەوە بۆ ناوچەی زاخۆ. پیاوێکی نیشتمان پەروەر بووە بۆیە توانیویەتی ڕێکخستنی حیزبی لە نێوان برادەرەکانیدا درووست بکات.



هەر لەگەڵ چەخـماخەی شـۆڕشی ئەیلولدا ساڵی ١٩٦١ ز، ئەو مەخـفەرەی لە ژێر دەستیدا بووە بە هەموو برادەرەکانی و تەواوی پێداویستی و چەك و تەقەمەنی دەچنە ناو شـۆڕشەوە.

ئەم پیاوە لە رووی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی یەوە توانایەکی بەرچاوی هەبووە لە شۆڕشدا. بۆیە توانیویەتی پلەکانی پێشمەرگایەتی ببـڕێت تا سەرلقیی.

لە رێکەوتننامەکەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ زدا بە فەرمانی شۆڕش و بە پێی برگەکانی ناو رێککەوتنـنامەکە، کرا بە مـولازمی دووەم لە پۆلیسی سلێمانی. ساڵانی ١٩٧١ و ١٩٧٢ ز کرا بە مولازمی یەکەم. سـاڵی ١٩٧٤ لەگەڵ هەلگیرسانەوەی شـەڕدا هێزێك درووست کرا بە ناوی هێزی ئەزمـڕەوە ئەو هێزە تەنـها ئەفسـەرو پۆلیسە کوردەکانی لە خۆ گرتبوو. ئەم پیاوەش کرا بە فەرماندەی بەتالیۆن لەو هێزەدا. بەشـداری زۆری داستانەکانی کردووە، تانسکۆی سـاڵی١٩٧٥ ز پێـشمەرگە بووە.

رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٣ز دڵە نیشتمان پەروەرەکەی بە چەپکێ گووڵی سوورەوە بەرەو خزمەتی کاروانە سـەربەرزەکەی شـەهیدان دەڕوات کە ئاواتی خـۆی بووە.

# شەهید جمال جێشانەیی

شەهید ساڵی ١٩٤٥ ز لە گوندی (جێشانە) ی بناری گڵەزەردە لە دایك دەبێت. ساڵی ١٩٦٥ ز لە بەتالیۆنی چواری هێزی رزگاری دەبێت بە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٦٧ ز دەگوازرێتەوە بۆ هێزی قەرەداغ، لەبەر لێهاتووی خۆی دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە.. بەشداری زۆری داستانەکانی کردووە. ساڵی ١٩٧٣ ز، دەکرێت بە سەرپەل لە بەتالیۆنی(٣)ی قەرەداغ، رۆژی ١٩٧٤/٧/١٠ز لە نەبەردی یەکی بێوێنەدا لە ناوچەی قەرەداغ لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا لە نزیك گوندی (ئەستێڵی خواروو) لە گەڵ شەهید (جمال غیدان) دا دەکەونە دەست تاقمێك جاشی خۆفرۆش و



پاشان دەبرێنە موسڵ، تا وەکو لە رۆژی ١٩٧٤/٨/٢٥ ز لە قەسابخانەکەی موسڵ لە سێدارە دەدرێن .

# پەیوەندی نێوان حیزب و لەشکر

# شەهید شێخ حسام الدین



بەشە حیزبی و لەشکری یەکان لە شۆڕشدا تەواوکەری کارەکانی یەکتر بوون، بنکەو بارەگا حیزبی یەکان لەسەر دەستی پێشمەرگەی کوردستان هەمیشە پارێزگاری یان لێدەکرا. هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە داستانەکاندا بەرانبەر دوژمن و بەشە حیزبی یەکان هەمیشە لە سەنگەری پێشەوە بوون لە گەڵیاندا، جیاوازی یەك نەبوو لە نێوانیاندا. لە کاتی هەر تێهەڵچوونێکی نێوان پێشمەرگەو دوژمندا کادرە حیزبی یەکان بە هەموو گیانێکەوە ئامادە دەبوون لە سەنگەرەکانی پێشەوەدا .

لێردا ئاماژە بە قارەمانێتی یەکێك لە کادێرەکانی حیزب دەکەم لە سەنگەری پێشەوە لە ڕەبی یەکانی (چنارە)ی دەربەندیخان ڕۆژی ١٩٧٤/٥/٥٣ز، شەهید کرا ، ئەویش شەهید شێخ حسام الدین، کە ئەندامی لیژنەی ناوچەی قەرەداغ بوو.

# شـەهید
# لەتیف حمـە رەش



شـەهید یەکێك بوو لە شێرە کوڕانی عەشیرەتی شوان. ساڵی ١٩٦٢ ز لـە ریزی سـەربازی یەوە بەرەو سـەنگەرەکانی پێشمەرگە و باوەشی گەرمی نیشتمانەکەی دەڕوات و روو لە بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات، لە بەتالیۆنی (٤)ی هێزی رزگاری دەبێت بە پێشمەرگە. بەشداری نـەبەردی یەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە .

چونکە پیاوێکی ئـازاو بە حورمەت بووە ناوبەناو پلـەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە تا گەیشتووەتە پلەی سـەرلقیی. لە پلەی فەرماندەیی دا، فەرماندەیی دەیان داستانی کردووە. لە ١٩٦٦/٦/٢ز بارەگای لقەکەیان لقی(١) لەگوندی ( قـوڵقوڵە) دەبێت لە ناوچەی دۆڵـەرووت .

لە بەرەبەیانی ئەو رۆژەدا هێزێکی گەورە ( مـغاویر ) بە چاوساغی چەند خۆفرۆشێك گەمارۆی بارەگاکەیان دەدەن لەو گوندە، لە دەمەو بەیانیدا شـەڕ دەست پێدەکات. شـەهید خۆی و شـەش پێشمەرگە لەو بارەگایەدا دەبن. شـەڕ دەست پێدەکات بەڵام هەر لەگەڵ دەست پێکردندا دەبابەکانی دوژمن لە

سـەرچنارەوە بۆی دەکشـێن، بەڵام ئەو قارەمانە بڕیاری دابوو ئەو جی یە سـەنگەرو گۆڕی بێت. بۆیە لەبەردەم ژوورەکەی خۆیدا ئەفسـەرێك و شـەش سـەرباز دەکوژێت. پاشان هیچ دەرفەتێکی نامێنێ بۆیە دوا فیشەکی بۆ خۆی تەرخان دەکات و خۆی شـەهید دەکات .

قارەمانێتی ئەو شێرە کوڕە لەوەدابوو تەنانەت پاش تەواو بوونی شەڕەکەش دوژمن نەیدەوێرا بچێتە سـەر ئەو بارەگایە ئەوەبوو بە دەبابەوە پەلاماری ژوورەکەی دەدەن و دەیڕوخێنن، ئینجا دڵنیا بوون کە شـەهید بووە تەرمەکەیان بە دەبابەکانیانەوە بەستەوەو کێـشیان کرد بۆ چاو شکاندانی خەڵکی ئەو گوندەو خەڵکی کوردستان. لەو داستانەدا جگە لە شـەهید لەتیف دوو پێـشمەرگەی تریش بەناوی ( مام عیدان و احمـد کوردی) شـەهید دەبن .لە شۆڕشی ئەیلولدا خەڵك بە پێ ی خاوس و جلوبەرگی دڕاوەوە داستانی لەم جۆرەیان تۆمار دەکرد.

ئەم داستانانە کە جێ‌ی شانازین بۆ گەلی کورد بە گشتی و هێزی پێـشمەرگەی کوردستان بەتایبەتی، دەبوایە هونەرمەندانی ئەم میللەتە بیانکردایە بە هەوێنی فلیم و شانۆگەری و شیـعر و شـانامەکانیان لەبری هەندێ بابەتی ناشـایستە و بێ پێز کە دوورە لە مێژوو و رەسەنایەتی ئەم میللەتەوە.

# شەهید ئەرپە کەرکوکی



ساڵی ١٩٤٦ز لە گەڕەکی شوریجەی کەرکوك چاوەکانی بە بڵێسەی ئاگری کانە نەوتەکانی باباگوڕگوڕدا هەڵهێناوە. ساڵی ١٩٦٤ز لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات و دەبێت بە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی (٥)ی جەباریی. لاوێکی جەربەزەو لێهاتوو بووە بۆیە هەر لەو ساڵەدا دەکرێت بە فەرماندەی یەکێك لە مەفرەزەکانی ناوشاری کەرکوك. زۆر لێهاتووانە ئەو ئەرکانەی کە پێی دەسپێردرێت ئەنجام دەدات. لەو چالاکی یانە، وەك کوشتنی پیاوەکانی دەزگای سیخوڕی واستخبارات . قارەمانێتی شەهید ئەرپەو مەفرەزەکەی گەیشتە ئەو ئاستەی هەرکات لە کەرکوك نزیك ببوونایەتەوە دوژمن دەکەوتە دۆخی (انـزاری دەرەجە جیم) ەوە. رۆژانە دوژمن لە پاش نیوەرۆ وە گەڕەکە کوردەکانیان جێدەهێشت لە ترسی شەهید ئەرپەو مەفرەزەکەی بە تایبەتی گەڕەکی شۆریجە.

دوژمنانی گەلی کوردستان هەمیشە لە کاتی ئاشتیدا نەبێت نەیانتوانیوە فرسەت لە رۆڵەکان و قارەمانانی گەلی کورد بێنن. ساڵی ١٩٧٢ز کاتێك رێکەوتننامەی ١١ی ئازار لە ئارادا بوو وە شۆڕش لە دانوستاندا بوو لەگەڵ رژێمدا، شەهید ئەرپە لە گەڕەکەکی خۆی لە گەڕەکی شۆریجە لە سەرتاشخانەیەکدا خەریکی سەر چاککردن دەبێت لە لایەن کەسێکی ناپاکەوە جاسوسی بەسەرەوە دەکرێت لە ژێر دەستی سەرتاشەکەدا سیخوڕەکانی بەعس ترسنۆکانە دەیدەنە بەر دەسڕێژی گولله و هەر لەوێدا شەهیدی دەکەن.

# شەهید محمود عزیز بەگ



لەساڵی ١٩٣٩ز لە گوندی (مێرەدێ)ی شارەزوور چاوەکانی بە رووی ئەوناوچە رەنگینەدا هەڵدێنێت ، لە گوندی ئەحمەد برنەو دەچێتە بەر خوێندن لە حوجرەی مزگەوت و لای مامۆستای ئایینی. پاشان دەچێتە قوتابخانەو قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکات. ساڵی ١٩٦٢ز دەچێتە ناو ریزی ڕێکخستنەکانی پارتی یەوە. ساڵی ١٩٦٤ز دەبێت بە کادیر - ساڵی ١٩٦٧ز دەگوازرێتەوە بۆ ریزی لەشکر و دەکرێت بە سەرلقی (٢)ی شارەزوور. ساڵی ١٩٦٩ز دەبێت بە فەرماندەی بەتالیۆنی (٤)ی قەرەداغ، ساڵی ١٩٧٢ز دەبێت بە جێگری فەرماندەی هێزی سەفین و لە گرتنی رەبی یەکانی چیای سەفیندا رۆڵی بەرچاوی هەبووە. هەر لە ساڵی ١٩٧٤ز دا دەکرێت بە فەرماندەی بەتالیۆنی ئاسۆس، سەر بە بارەگای بارزانی.

پاش وەیشوومەکەی ساڵی ١٩٧٥ز دەچێتە دیوی ئێران و ماوەیەکی زۆر لەوێ دەمێنێتەوە، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ عێراق. ماوەیەك لە بەغدا دەیهێڵنەوە پاشان دەگەڕێتەوە کوردستان و لە گوندی ( مێرەدێ) نیشتەجێ دەبێت.

لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ز دا رۆڵی خۆی هەبووە. پاشان دەکرێت بە کارگێڕی لقی (٤) ی پارتی دیموکراتی کوردستان. بەداخەوە ساڵی ١٩٩٣ز بە نەخۆشی یەکی کتوپڕ لەو گوندەی لێ ی لە دایك ببوو گەڕایەوە باوەشی دایکی نیشتمان و ماڵ ئـاوایی لیـکردین.

## شـەهید حسێن فارس



شـەهید لە ساڵی ١٩٢٩ز لە گوندی زڕگوێزەڵە لە بناری گڵەزەردە لە دایك دەبێت. لەتەمەنێکی هەرزەکاریدا دەچێتە سـەربازی، پاش تەواو بوونی سـەربازی دەگەڕێتەوە باوەشی خێزان وسـەرقاڵی بژێوی خێزانەکەی دەبێت. هەر ئەم جۆرە کوڕە هـەژارانانە بوون کە خۆیان ئامادە کردبوو بۆ خزمەت کردن بە نیشتمانەکەیان. لەگەڵ چەخماخەی شۆڕشی ئەیلولدا شـەهید وەکو سەربازێکی نیشتمانەکەی چەکی خەباتی هـەلگرت ودەبێتە پێـشمەرگە. لەژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداری چەندین نەبەردی کردووە. لەو کاتەدا سـەرلقیی شایستەترین پلەی ناو هێزی پێـشمەرگە بووە بۆ گورز وەشاندن لە دوژمنانی گەلەکەمان.

بە داخەوە پاش چەنـدین ساڵ خەبات لە رۆژی ١٩٨١/٦/١ز شـەهید کرا.

# شەهید عبداللە رەحیم

شەهید عبداللە ناسراو بە عبداللە سوور، ساڵی ١٩٤٨ز لە گوندی دەرەویانی قەرەداغ لە دایك دەبێت. ساڵی ١٩٦٥ز لە هێزی قەرەداغ دەبێتە پێشمەرگە، دواتر دەبێت بە فەرماندەی مەفرەزەی دادگای هێزی قەرەداغ. ئەو کاتە شەهید حاکم (حمەساڵح قەرەداغی) دادوەری دادگای هێزی قەرەداغ دەبێت.



ساڵی ١٩٦٩ز دەبێت بە سەرپەل لە لقی (٢)ی شارەزوور، ساڵی ١٩٧٤ز دەبێت بە سەرپەل لە لقی (١) لە بەتالیۆنی ئاسۆس لە باڵەکایەتی. بەشداری چەندین نەبەردی هێزی پێشمەرگەی کردووە وە لەو ناوچەیەدا بەشداری ئەم داستانانەی کردووە: داستانی تووەسووران، ژاراوە، دۆڵی پڵنگان، کێوەرەش، سەرتیژ.

بەکاریگەری درێژخایەنی ئەو سەرماوسۆڵەی لە پێشمەرگایەتیدا تووشی بوو بوو ساڵی ١٩٩٦ز شەهید بوو.

# شەهید بەکر محی الدین



شەهید بەکر ناسراو بە (عەریف بەکر) ساڵی ١٩٤٢ز لە گوندی (حەوت تەغار) ی گەرمیان لە دایك دەبێت، ساڵی ١٩٦٠ دەچێتە سەربازی، ساڵی ١٩٦٣ز و لەگەڵ نەعرەتەی شۆڕشی ئەیلولدا دەبێتە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی(٩)ی گەرمیان. دیارە کوڕانی گەرمیان هەر لە دێرین زەمانەوە پێیان وتراوە هەڵۆکانی گەرمیان. دەتوانم بڵێم شەهید بەکر یەکێك بووە لەو هەڵۆیانە. پاش ماوەیەك دەبێت بە سەرپەل لە لقی(٢) هەر لەو بەتالیۆنە. بەشداری زۆربەی داستانەکانی ئەو دەڤەرەی کردووە.

ساڵی ١٩٧٢ز دەبێتە سەرلقی(٣)ی بەتالیۆنی (٣)ی قەرەداغ. لەساڵی ١٩٧٤ز لە داستانێکی بێوێنەدا لە چیای(گوڵان) ی دەربەندیخان لە هێرشێکدا کە هێزەکانی دوژمن دەیانکرد بۆ ئەو چیایە کە بریتی بوو لە سوپا و جاش لە سەردەستی فەرماندە و پێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕشدا تێك شکێندرا، دوژمن پەنای بردە بەر تۆپخانە بۆ بۆردومان کردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە، شەهید بەکر لە رۆژی ١٩٧٤/٨/١٧ز و لەو داستانەدا بە خەستی بریندار دەبێت لەڕێی خەستەخانە شەهید دەبێت. ئارامگای پیرۆزی ئێستا لە ناوچەی قەرەداغ-ە.

# شەهید خالید ڕەباتی

ڕەباتی یەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە شۆڕشدا. خاوەنی دەیان فەرماندەو شەهیدو پێشمەرگەن، فەرماندەی زۆریان لێ هەڵکەوتووە یەکێك لەو فەرماندە هەڵکەوتووانە کە مامۆستای ئەوانی تر بووە شەهید خالیدە.



خالید نجم خدر ڕەباتی، یەکێکە لە پیاوە ناودارەکانی ناو عەشیرەتی ڕەبات ، ئەم پیاوە پێشمەرگەیەکی قارەمان بووە دەست و داوێن پاك و هەموو مەرجەکانی پیاوەتی تیا کۆبوو. خاوەنی دەیان نەبەردی و قارەمانێتی یە لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا. پلەکانی پێشمەرگایەتی برِیوە تا فەرماندەی بەتالیۆن. پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ز لە گوندەکانی خۆی لە(گەرەچیا) ی سەنگاو نیشتەجێ دەبێت.

لەگەڵ هەلگیرسانەوەی بڵێسەی شۆڕشی گوڵاندا جارێکی تر واز لە ژیان و ماڵ و دارایی دێنێت و دەچێتەوە ریـــــــزی پێشمەرگایەتی لە ساڵانی



هەشتاکاندا. دیسان پلەو پـایـەی بەرپرسی وەردەگرێتەوە.

لـەراپەڕینی مەزنی بەهاری ١٩٩١ز رۆڵی بەرچاوی دەبێت. مەخابن لـە رۆژی ١٩٩٢/٦/٢٤ز لەشاری رەوانسەری ئێران دڵە نیشتمان پەروەرەکەی لە لێدان دەکەوێت و بەسەربەرزی یەوە بەرەو کاروانی شەهیدان دەڕوات.

رەباتی یەکان خاوەنی کۆمەڵێك شەهیدی زۆرن لە شۆڕشی ئەیلولدا، وەك: شەهید لەتیف رەباتی، قادر شۆیلان، احمدە سوور رەباتی ،وەستا قادر، ئەنوەر عارف، سەردار رەحیم، نجم رەباتی، اسعد رەباتی.

# کوڕی پێشمەرگەیەك دەڵێت :



سوێندم

بە کفنی سووری ئاڵی شەهیدان

بە ئارەقی نێوچەوانی ڕێگای دووری

پێشمەرگەکان

بە ئازادی ئەمرۆ و خوێنی برینەکانی

باوکم

منیش بە قەڵەمەکەم سەربازێکی

دڵسۆز بم بۆ

نیشتمانەکەم.

# هەڤاڵان

## لە خۆشبەختی مرۆڤ ئەوەیە کە
## جلی تازەو دۆستی کۆنی هەبێت

**پەندێکی چینی**

لە پەڕاوی یادەوەری ڕۆژانی خەبات و پێشمەرگایەتی، چەند شتێکم بۆ ماون کە مایەی خۆشحاڵیمە ئەویش سەربەرزی و یادەوەری یەکان و هەڤاڵەکانمە، ئێستا خۆشترین کاتم ئەوەیە کە ئەو هەڤاڵانەم دەبینمەوە و ئەو ڕۆژانەمان دێتەوە یاد کە لە هەرەتی لاویدا سەرقاڵی شۆرش و تێکۆشان بووین. بۆیە مایەی شادیمە کە پوختەیەك لە کارنامەی ئەو هەڤاڵانە لەم کەشکۆڵە دەروێشانەیەمدا تۆمار بکەم ، چونکە ئەوانیش وەکو من یان زیاتر خاوەنی ساڵانێکی زۆر خەبات و پێشمەرگایەتی بوون و لەوانەیە ئێستا کەم کەس بزانێت ئەوانە چی بوون و کێ بوون !!

# هەڤاڵ جاسم محمد

لەدایك بووی ١٩٤٩ ز–ی بازیان ، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦٥ ز لە هێزی قەرەداغ بووە بە پێشمەرگە. پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە تا گەیشتووەتە پلەی (بەرپرسی سەربازی) بەشداری نەبەردەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە. سێ جار بریندار دەکرێت و دوواجار لە ١٩٧٤/١٠/٢٥ ز دا لە داستانی (زۆزگ) دا بەسەختی بریندار دەبێت . وە لە ئەنجامی ئەو برینداری یەوە کەم ئەندام دەبێت .ئێستا لە ناوچەی



بازیان ژیان دەباتە سەر وە یەکێکە لە کەسایەتی یە کۆمەڵایەتی یەکانی بەرچاوی ناوچەکە.

# هەڤاڵ محمود کریم سلیم

ساڵی ١٩٥٠ ز، بە دنیا هاتووە. ساڵی ١٩٦٥ ز ، لەتەمەنی پانزە ساڵیدا بووە بە پێشمەرگە، پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە لە فەرماندەی مەفرەزەوە تا سەرپەلی. بەشداری چەندین نەبەردی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە لە ناوچەکانی گەرمیان، قەرەداغ، بازیان،شارەزوور و شارباژێڕ. ئێستاش لە شۆڕشی گوڵاندا و بەردەوامە لە خەباتی پێشمەرگایەتی. وە یەکێکە لەو کەسانەی کە خاوەنی رابردووی دێرو درێژو بیروباوەڕی نەگۆڕی خۆیەتی.



ئێستا لە سلێمانی ژیان بە سەر دەبات.

# هەڤاڵ شێخ محمد فەقیرەیی

لە دایك بووی ١٩٤٥ ز، گوندی فەقیرە ی سەربە ناوچەی قەرەداغـە. ساڵی ١٩٦٣ ز لە هێزی قەرەداغ دەبێتە پێشمەرگە. بەشداری نەبەردەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە. پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە لە فەرماندەی مەفرەزەوە تا سەرلقیی. ژیانی پێشمەرگایەتی زوربەی لە ناوچەکانی گەرمیاندا بەسەر بردووە. دووجار بریندار دەبێت، جاری یەکەمیان زۆر بە سەختی. بۆ ماوەی یەك ساڵ لە نەخۆشخانەی تاران دەمێنێتەوە بە هۆی سەختی برینەکەیەوە.



ئێستا لە ژیاندا ماوە. ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی یەکانی ئەو دەڤەرەدا بۆیە خەڵکی بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی یەکان زۆر رووی تێدەکەن و پیاوێکی بەرچاوە لە ناوچەکەدا.

# هەڤاڵ عثمان قارەمانی

سالّی ١٩٤٩ ز لە گوندی ( قارەمان)ی سەر بەناوچەی قەرەداغ لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات. سالّی ١٩٦٤ ز دەبێت بە پێشمەرگە خۆشەویستی پێشمەرگەو ناوجەماوەر دەبێت، بەشداری زۆری نەبەردەکانی هێزی پێشمەرگەی کردووە. پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە لە فەرماندەی مەفرەزەوە تا بەرپرسی عەسکەری. کەسایەتیەکی کۆمەلآیەتی وپیاوێکی ناودارە بۆ لە چارسەری کێشە کۆمەلآیەتی یەکاندا رۆڵی بەرچاوی هەیە. ئێستا لە ژیاندایە و لە شاری سلێمانی دەژی.



# هەڤاڵ حارس حاجی وادی



ساڵی ١٩٤٨ ز له گوندی ( کەوەڵە) ی سەر بە ناوچەی سەنگاو چاوی بە دنیا هەڵدێنێت. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری سلێمانی تەواو دەکات تا پۆلی پێنجی ئامادەیی دەبڕێت. ساڵی ١٩٦٥ ز دەبێت بە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی (٩) ی هێزی قەرەداغ لە گەرمیان . لەو ناوچەیەدا بەشداری دەیان نەبەردی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە هەندێکیان بە پێشمەرگایەتی و هەندێکیان بە فەرماندەیی.

پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە تا گەیشتووەتە بەپرسی سەربازی لق. فەرماندەیەکی بەرچاوی ناو هێزی پێشمەرگە بووە.

ئێستا لە ژیاندا ماوە وخاوەنی هەمان هەڵوێستی خۆیەتی لە کوردایەتیدا

# خۆڕاگریی پێشمەرگەیەك لە زینداندا

# ملازم یاسین غریب



ملازم یاسین، ساڵی ١٩٥١ز لە گەڕەکی دەرگەزێن لە شاری سلێمانی لە دایك دەبێت.ساڵی ١٩٥٦ز دەچێتە قوتابخانەو قۆناغەکانی خوێندن تا شەشەمی ئامادەیی تەواو دەکات. ساڵی ١٩٧١ز دەچێتە کۆلیژی سەربازی لە بەغدا. ساڵی ١٩٧٣ز ئەو قۆناغەش دەبڕێت و پاش تەواوکردنی بەپلەی ملازم لە هێزی ئاسمانی سوپای عێراق لە بەغداد دەست بەکار دەبێت. ساڵی ١٩٧٤ز پەیوەندی دەکات بە شۆڕشەوە، دەبێت بە سەرلق لە بەتالیۆنی ئاسۆس. فەرماندەیەکی قارەمان و لێهاتوو دەبێت لە داستانەکاندا.

پاش نسکۆی ١٩٧٥ز دەگەڕێتەوە سلێمانی و نیشتەجێ دەبێت و لە فەرمانگەیەك دادەمەزرێت. وەك زۆربەی پێشمەرگەکانی شۆڕش دوور دەخرێتەوە بۆ شارۆچکەی (حیللە) لە باشووری عێراق. دوای گەڕانەوە پەیوەندی دەکات بە ڕێکخراوی (لەیلا قاسم) ەوە و لە کاری ڕێکخستندا دەست بەکار دەبێت.

ساڵی ١٩٧٧ز لە لایەن دەزگا سیخوڕی یەکانی بەعسەوە دەستگیر دەکرێت، پاش ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر بێ ئەوەی هیچ لـە نهێنی یەکی رێکخستن بدرکێنێت دادگایی دەکرێت و رۆژی ١٩٧٧/٦/٢٦ز حوکمی (٣) ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێندرێت. رۆژی ١٩٧٩/٨/١٨ز ئازاد دەبێت .

ئێستا لە ژیاندایە و لە سلێمانی دەژی.

# هەڤاڵ عبدالواحد امین

عبدالواحد أمین، ساڵی ١٩٤٣ز لەشارۆچکەی (تاوخ) سەر بە پارێزگای کەرکوک دێتە دونیاوە. یەکێکە لە شێرە کوڕانی عەشیرەتی (زەند)، ئەم عەشیرەتە خاوەنی مێژوویەکی تایبەتی خۆیانن مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە ( کریم خانی زەند) کەڵەپیاوێکی شۆڕشگێری کورد بووە بۆیە لە شۆڕشی کوردا هەر کوڕێکی ئەو عەشیرەتە پێشمەرگە بووبێت بەو ناوەوە بانگ دەکرێت، چونکە جێ ی شانازی یە بۆ ئەوانیش و گەلی کورد بە گشتی.



ئەم شێرە کوڕە هەڤاڵێکی نزیکی خۆم بوو، تەمەنێکی دوورودرێژی پێشمەرگایەتی یان پێکەوە دەستمان بۆ خواردن دەبرد یان سەرمان لە سەر بەردێك دەنا.

ساڵی ١٩٦١از دەبێت بە سەرباز لە سوپای عێراقدا، ساڵی ١٩٦٣از ریزی سەربازی جێدەهێڵێت و روو لە بنکەکانی هێزی پێشمەرگەو شۆڕش دەکات دەبێت بە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی(٩)ی گەرمیان بەشداری نەبەردی یەکان دەکات . پلەکانی پێشمەرگایەتی تا سەرلقی ی بڕیوە، ئێستا لە دەزگای پێشمەرگە دێرینەکاندا کاردەکات لە کەرکوك.

# یــادەوەری یەکــان

## یــادەوری یەکان

**سـەفەر خـۆش نـی یە سـەفەر نامەکەی خـۆشـە**
**پەندی پێشـینان**

هەموو مـرۆڤێك لە ژیاندا یادەوەری خۆی هەیە، چ رۆژگـاری خۆش یا ناخۆش. دیارە ژیانی دوورو درێژی پێشمەرگایەتی پـڕە لەو یادەوەری یانە کە پەندو دەرسی باشی لێوەردەگیرێت ، بەڵام ئەوەی رەچاو دەکرێت کەم پێشمەرگە یان فـەرمانـدە بیرەوەری یەکانی خۆیان یاداشـت بـکەن. بەڵکو زۆر یـادەوەری گـەوهـەردارو پـڕ مانا دەکەوێتە گۆمی فەرامۆشـی و دەریای بیرچوونەوەوە. من وای بە باش دەزانم هەموو پێـشمەرگەو کادیرو فەرماندەو تەنانەت خەڵکیش یادەوەری خۆیان بنووسـنەوە بۆ میژوو تۆماری بکەن تاوەکو نەوەکانی داهاتوو بزانن کە رەنـج و خەباتی پێش خۆیان ئەمـرۆژانەی بە دی هێناوە و بێ خوێن و رەنـج و ماندووبونی شـۆڕش و پێشمەرگایەتی ئەم دەستکەوتانە بە دی نەهاتوون.

# بەتاليۆنی ئاسۆس

ساڵی ١٩٧٤ز کاتێك رژێمی دکتاتۆری عێراق جارێکی تر وەك پێشینەی سیاسەتەکانی لەگەڵ گەلی کوردا خۆی دزی یەوە لە رێکەوتننامەی ساڵی ١٩٧٠ز، کەوتە گێچەڵ کردن بە کورد و شۆڕشی کوردستان، بۆیە ئەفسەرو سەربازە کوردەکان ریزەکانی سوپای عێراقیان جێ دەهێشت و بەرەو باوەشی شۆڕش دەگەڕانەوە. چەندین بەتاليۆن لەو سەربازو ئەفسەرانە دروست کران، یەکێك لەوانە بەتاليۆنی ئاسۆس بوو شوێنی تەشکیلاتەکەی لە (بەردەپان) بوو لە ناوچە ی قەڵادزێ. ئێمەش چەند فەرماندەیەك بووین گوازراینەوە بۆ ئەو بەتاليۆنە سەربازی یە. چونکە پیلانی سەربازی عێراقی لەگەڵ نەخشەی پێشمەرگایەتی دا جیاوازی یان هەبوو تاوەکو شۆڕش ئەو سەرباز و ئەفسەرانە بە نەخشەی پێشمەرگایەتی ئاشنا بکات. بەتاليۆنەکە بەم شێوەیە پێکهێنرا:

١. محمود عزیز بەگ ، فەرماندەی بەتاليۆن.

٢. ملازم نجات خدر قەڵادزەیی، جێگر بەتاليۆن.

٣. عزالدین ملا سلێمان.. قەرەداغ، سەرلق.

٤. شێخ تاهیری نزارەپێنجوێنی، جێگر لق.

٥. ملازم یاسین غریب ..سلێمانی، سەرلق.

٦. مامۆستا واحید دەربەندیخانی، جێگر لق.

٧. ملا خالید هەولێری، سەرلق.

٨. محسن مام یەحیا کۆیی ، جێگر لق.

٩. محمود حاجی رەشید قەرەداغی، سەرلق.

١٠. زیاد خۆرانی.گوندی(خۆران) رانیە، جێگر لق

عزالدین ملا سلێمان



ملازم یاسین



محمود حاجی رشید



جگە لەمانە بەتالیۆن کۆمەڵێك شی تریشی لە خۆگرتبوو: ئیدارەی بەتالیۆن، لێپرسراوی جبەخانە، ئەندازەی بەتالیۆن، بەشی هەوالگری، بێتەل و فریاکەوتنی پزیشکی.

دواتر بارەگای بەتالیۆن لە گوندی (کۆپتان) دانرا. لقەکانیش لە سەنگەری پێشەوە بوون لە گوندەکانی (دوو گۆمان و ماخۆ بزنان).

هێزەکە بریتی بوو لە نزیکەی (٤٠٠ تا ٤٥٠) پێشمەرگە و خاوەنی چەندین داستان و سەروەری یە وەك داستانی تووەسووران، ژاراوە، دۆڵی پڵنگان، کێوەرەش، سەرتیژ وە ئەم هێزە لەو داستانانەدا خاوەنی چەندین شەهید و بریندار بوو.

حەوت پێـشمەرگە لە یەکێك لەو ماڵە بەڕێزانەدا بوون ماڵەکەیان باڵەخانە بوو، ئەو خاوەن ماڵە بەڕێزە پاش نان خواردنی ئێوارە داوای لە پێـشمەرگەکان کرد و وتی ..﴿دەبێت ئێوە لێرەدا هەستن دەست بکەن بە هەڵپەرکێ﴾ پێـشمەرگەکان لە وەڵامدا وتیان ﴿ خانووەکە دەڕوخێت ئێمە چۆن کاری وا بکەین ؟! ﴾ خاوەن ماڵەکە ووتی:﴿ بابڕوخـێت من دەمەوێت ئێوە تالێرەن خەفـەت نەخۆن لەم شـەوی جەژنەدا ئێوە لە کەس و کارتان دوورن ئێمەش هەموو کەس و برای ئێوەین ﴾..!!

تا ئێـستا ئەو یادەوەری یەی ئەو خەڵکە قارەمانەی گوندی قزڵجە لە دڵی خۆمدا پاراسـتوومە و ئەمڕۆ لەم کتێبەدا وەکو چیرۆکێك دەیگێڕمەوە. هەموو گوند نشینەکانی گوندەکانی کوردستان هەڵوێستی نیشتمان پەروەرانەی لەم جۆرەیان بەرانبەر هێزی پێـشمەرگەی شـۆڕشی ئـەیلول نواندووە.. سڵاو لە یەکـەیەکـەی خەڵـکی سـەربەرزی گونـدەکانی کوردستان.

حەوت پێشمەرگە لە یەکێك لەو ماڵە بەڕێزانەدا بوون ماڵەکەیان باڵەخانە بوو، ئەو خاوەن ماڵە بەڕێزە پاش نان خواردنی ئێوارە داوای لە پێشمەرگەکان کرد و وتی ..﴿دەبێت ئێوە لێرەدا هەستن دەست بکەن بە هەڵپەڕکێ﴾ پێشمەرگەکان لە وەڵامدا وتیان ﴿ خانووەکە دەڕوخێت ئێمە چۆن کاری وا بکەین ؟! ﴾ خاوەن ماڵەکە ووتی:﴿ بابڕوخێت من دەمەوێت ئێوە تالێرەن خەفەت نەخۆن لەم شەوی جەژنەدا ئێوە لە کەس و کارتان دوورن ئێمەش هەموو کەس و برای ئێوەین ﴾..!!

تا ئێستا ئەو یادەوەری یەی ئەو خەڵکە قارەمانەی گوندی قزڵجە لە دڵی خۆمدا پاراستوومە و ئەمڕۆ لەم کتێبەدا وەکو چیرۆکێك دەیگێڕمەوە. هەموو گوند نشینەکانی گوندەکانی کوردستان هەڵوێستی نیشتمان پەروەرانەی لەم جۆرەیان بەرانبەر هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول نواندووە.. سڵاو لە یەکەیەکەی خەڵکی سەربەرزی گوندەکانی کوردستان.

# چـوارده ســاڵ شـۆڕش

مەلـەفی چوارده ساڵ خەبات و فیداکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شۆڕشی ئەیلولدا نادیاره. دەبێت چ ویژدانێك بێت ئەو ستەمە گەورەیە قبووڵ بکات ..؟! تەنها لە یادی دامەزراندنی شۆڕشی ئەیلولدا دەزگاکانی راگەیاندن بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ هەندێك باس دەگێڕنەوە لە سەر زاری هەندێ ناشارەزا بەشۆڕشی ئەیلول.

دەتوانم بڵێم ئەو بابەتانەی ئەو راگەیاندنانە باسی لێوە دەکەن بە هیچ شێوەیەك دەربڕی قارەمانێتی پێشمەرگەو فەرماندەکانی شۆڕشی ئەیلول نین، ئەگەرچی بەلای هەندێك دەزگای راگەیاندنەوە ئەم بابەتە ناخۆشە بەڵام ئەو راستی یەی من دەیلێم ، دەبوایە لە راگەیاندنەکاندا خەڵکی شارەزاو شایستە و قاڵ بووی ناو شۆڕشی ئەیلول کاریان بکردایە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ساز بکرایە.

دەبوایە یادی شەهیدانی شۆڕشی ئەیلول بەرز رابگیرایەو باسی ئەو داستان و قارەمانێتی یانە بکرایە کە لەو کاتەدا سەدان فەرماندە و هەزاران پێشمەرگەی قارەمانی ئەم میللەتە لەو قۆناغە سەختەی شۆڕشدا نواندوویانەو سەرەنجام زۆربەیان شەهید کراون. وە دەبوایە ببوایەتە ناوەرۆکی ئەو کۆڕو سیمینارانەی کە مێژووی ئەم شۆڕشە مەزنە بەرز رادەگرن.

بەداخەوە چونکە کەسو کاریان ئەمڕۆ لە دەسەڵاتدا نین ، کورد واتەنی :( ناویان لە کولەکەی تەڕیشدا نەماوە)..!!

# کەسێکی وون بوو

﴿من پێشمەرگەم﴾



ساڵی ١٩٧١ز (مەلا حەیدەر) دەبێت بە لێپرسراوی ناوچەی کفری یەکێك دەبێت لە کادێرە بەرچاوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. ساڵی ١٩٧٢ز لە لایەن دەزگا سیخوڕی یەکانی بەعسەوە دەستگیر دەکرێت بە مەبەستی بێسەروشوین کردنی. هەوڵێکی زۆر درا بۆ ئازاد کردنی لەرێگای گفتوگۆوە بەڵام بێسوود بوو.

ڕۆژی ۱۹۷۲/۱۰/۲۰ز لەگەڵ بەڕێز کاك حمید بەرواری دا چووین بۆلای بەڕێز کاك مەسعود بارزانی لە حاجی هۆمەران. کاك حمید بەرواری منی بە کاك مەسعود ناساند و وتی : ئەم دەتوانێت کە ئەو کارە ئەنجام بدات. من لەو کاتەدا نەمدەزانی مەبەستی چی یە. ئەو کاتە من تەمەنم ۲۲ ساڵ بوو، سەرلق بووم لە گەرمیان زۆر حەزم لە کاری سەربازی دەکرد .

کاك مەسعود وتی: ﴿کارێك هەیە دەتوانیت ئەنجامی بدەیت..؟!﴾ منیش وتم ﴿من پێشمەرگەم﴾ . باسی گرتنی مەلا حەیدەری کرد و تی (بەعسی یەکان مەلاحەیدەریان گرتووە، هەرچەندە ئێستا ئێمەو رژێم لە دانیشتنداین بەڵام ئەوان لەم کاتەدا لە هەوڵی لەناوبردنی فەرماندە و کادیر و پێشمەرگەکانی ئێمەدان. ئەگەر بتوانن بە نهێنی بەرپرسی (منقمە) بدزن بۆ زانینی چارەنووسی مەلا حەیدەر. منیش بە خۆشحاڵی یەوە پێشوازیم لە داواکەی بەڕێزیان کرد و بۆ ئەو مەبەستە نەخشەی پێویستمان دارشت. بەڵام کاك مەسعود پێی وتم:(هەرکات ویستتان دەست بە کاربن بچن بۆ لای کاك رەشید عارف بەرپرسی لقی (۳) لە سەنگاو ئەویش بە بروسکەیەك ئاگادارم بکاتەوە ئەگەر بارودۆخ لەگەڵ رژێمدا لەبارنەبوو ئەوسا ئەوکارە ئەنجام بدەن).

منیش چوومە لای کاك رەشید و پەیامی کاك مەسعودم پێ راگەیاند، بەڵام ئێمە نەوەستاین بەرێی وەڵامی بروسکەکەوە، نەوەکو بڵێت مەچن، چونکە زۆر حەزمان بە ئەنجامدانی ئەو چالاکی یە دەکرد، بۆ ئازاد کردنی مەلا حەیدەر. بەڵام کاتێك گەیشتینە سەر قەڵای کفری هەر لەوێ خێرا کەسێکی خۆمان نارد کە جێ و رێی ئەو ( مسؤل منقمە) یەمان بۆ دیاری

بکات. پاش گەڕانەوەی هەواڵمان زانی کە ئەمشەو لە نادی دەعوەتی خواردنەوەیە. لەو کاتەدا نامەیەکی کاک رەشید عارف -م پێگەیشت بە پەلە داوا دەکات لەسەر بڕیاری کاک مەسعود ئەو کارە دوا بخەین هەرچەندە ئێمە زۆرمان لا ناخۆش بوو کە ئەو چالاکی -یەمان ئەنجام نەدا بەڵام دەبوو کە فەرمانی سەرکردایەتی بە جێ بێنین ..

# رۆژانێک لە هەورامان

## ﴿ماڵی باوکم لە کەرکوک بووبەر ئەو پەلامارە کەوتن﴾




ساڵی ١٩٧٤ز جارێکی تر رژێم شەڕی دەست پێکردەوە لەدژی سەرکردایەتی شۆڕش و کەوتە وێزەی کەس و کاری پێشمەرگە لە شارەکاندا. ئەوکات ماڵی باوکم لە کەرکوک بوو بەر ئەو پەلامارە کەوتن خانوو ماڵی باوکم لە لایەن رژێمەوە تاڵان کرا. لەو کاتەدا خۆم وەك فەرماندەیەك ئەرکی پێشمەرگایەتیم لە ناوچەی [redacted] هەورامان بوو. ماڵی باوکم هاتن بۆ ئەوێ و لە گوندی بەڵخە ماڵێکمان بۆ

گرتن کە ماڵی مام حسێن بوو خەزووری شەهید کاکە حەمەی خەیات بوو.

ئەو ڕێزو حورمەتەی کە لەوێ لێمان گیرا کاریگەری زۆری لە دڵ و دەروونماندا جێهێشتووە کە ناتوانم بە هیچ زمانێك ئەو سوپاس و پێزانینەم دەربڕم بەرانبەر بە خەڵکی هەورامانی ئایین دۆست و میوان دۆست و نیشتمان دۆست بە گشتی و ماڵی مام حسێن و ئەو ماڵانەی هاوسێمان بوون لەوێ بە تایبەتی، ماڵی حاجی فەتحی کە ئافرەتێکی زۆر بەرێز بوو، ماڵی حاجی حەمە ڕەحیم، ماڵی کاك سابیر.

هەتا ماوم خۆشەویستی خەڵکی هەموو ئەو ناوچانەی تیایدا پێشمەرگە بووین بە گشتی و خەڵکی هەورامان بە تایبەتی لە دڵمایە هەرگیز بیرم ناچێتەوە.

# دەزگای ئەیلول

## دەزگای پێشمەرگە دێرینەکان

**﴿ ئەو کەسانەی لەو دەزگایەدا کار دەکەن، دەبێت فەرمانده و پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول بن﴾**

**سەرۆك مەسعود بارزانی**

لەسەر بڕیاری جەنابی سەرۆك کاك مەسعود بارزانی بەڕێز، بڕیار درا دەزگایەك درووست بکرێت بە ناوی (دەزگای پێشمەرگە دێرینە ڕاستەقینەکانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن)ەوە، وەکو ڕێز لێنانێك بۆ ئارامگای شەهیدان وە وەفایەك بۆ خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەو فەرماندەکانی شۆڕشی ئەیلول. لە بڕیارەکەی جەنابی سەرۆکدا چەند بڕگەیەکی شایستەی تێدا بوون ..

١. لای کەم دەبێت چوار ساڵ پێشمەرگە بووبێت .

٢. چەکداری ڕژێمی نەکردبێت .

٣. لە دەزگا سیخوڕی یەکانی ڕژێمدا کاری نەکردبێت .

٤. مووچەی فەرماندەو پێشمەرگەکان بە گوێرەی پلەو خزمەتیان بێت .

٥. ئەو کەسانەی لەو دەزگایەدا کار دەکەن ،دەبێت فەرمانده و پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول بن .

بەڵام بە داخەوە کاتێك لیژنەکان درووست کران، ئەوانەی لە لە لیژنەکاندا بەرچاو نەدەکەوتن تەنها فەرماندەو پێشمەرگەکانی شۆڕشی

ئەیلول بوون. بەڵام بە نیسبەت دەزگاکانی ئەیلولی کەرکوك و سـلێمانی یەوە غەدری زۆریان لە پێـشمەرگەو فەرماندەکانی شـۆڕشـی ئەیلول کردووە. زۆر بە راشکاوانە دەڵێـین .. ئەوانەی لە لیژنەکاندا بوون زۆر ناشارەزا بوون وە نـامۆش بوون بە پێـشمەرگەو فەرماندەکانی شـۆڕشـی ئەیلول، تا کەس و کار و ناسیاوەکانی خۆیان وەستابوون هیچ ئاوڕێکیـان لە پێـشمەرگە نەداوەتەوە.

پێـشمەرگەکانی شـۆڕشـی ئەیلول لە ئێـستا بە دواوە خۆیان دەدەنە دەست ئیمامی زامن ، کورد واتەنی کوێـر تا دەمرێت بە تەمـای چاوە . بەڵکو ئەوانـیش لە پاداشتی خەباتی رۆژانی سەختی شـۆڕشـدا وەك پێویست رێزیان لێبگیرێت یان لایەنی کەم مووچەکەیان بۆ دەربچـێت !!

# عەشـیرەتی مە نمی

﴿ وەکـو خەڵکێـکی خۆنەویـست لقـەکەیان ناونەنا لقی مە نمی یەکان بۆیە ناویان نا ( لقی داریکـەلی ) ﴾

مەنـمی یـەکان عەشیرەتێکی گەورەن بە زۆری لە کوردستانی ئێراندا ژیـاون بەشێـکی مام ناوەندی یان لە کوردسـتانی عێراقدا دەژین. بـەزۆری وان لــە پارێزگای سـلێمانیدا لە سنـوورەکانی سەرچنار و بازیان دا ژیان دەبەنە سەر. لەکاتی چەخماخەی شۆڕشی مـەزنی ئەیلـول ئەو کـاتە شـۆڕش وە سەرکردایەتی شـۆڕش پێویستـی یەکی زۆریان بـە چـەك و تەقەمـەنی وە پێـشمەرگە هەبوو.

هەر لەو کاتە ناسـکەدا مەنمی یەکان وەك خەڵکێکی نیشتمان پەروەر و شۆڕشگێڕ، توانیان پشتیوانی خۆیان بۆ گەل و شۆڕش و سەرکردایەتی یەکەی دەربڕن. یەکەم عەشیرەت بوون کە بتوانن لقێك پێشمەرگە لە رۆڵەکانی خۆیان پێك بهێنن. بەڵام لە هەمان کاتدا وەکو خەڵکێکی خۆنەویست لقەکەیان ناونەنا لقی مەنمی یەکان. بۆیە ناویان نا (لقی داریکەلی) بیریان لەوە نەدەکردەوە کە ئەم لقە، لقی مەنمی یەکانە، بۆیە گوێرایەڵی فەرمانەکانی تەواوی شۆڕش و سەرکردایەتی یەکەی بوون. رۆژانە پێشمەرگەی زیاتریان بـە شۆڕش دەبەخشی، وە رۆڵێکی بەرچاو و دیاریان هەبوو لەناو جەماوەری گەلی کوردستاندا. ئەتوانم بڵێم سەرمەشق بوون بۆ ئەو تیرەو تایەفانەی کە بەشداری یان لە شۆڕشدا کردووە.

مەنمی یەکان خاوەنی دەیان شەهیدی قارەمانن لە ڕێگای سەربەخۆیی گەلەکەماندا. بە دەیان پێشمەرگەی قارەمانیان هەبوو،وە ئێستاش لە شۆڕشی گوڵاندا خاوەنی هەمان هەڵوێستی شۆڕشی ئەیلولن، وە هەروەها چەندین فەرماندەی مەیدانی یان لێ هەڵکەوتبوو. ئەتوانم بڵێم فەرماندەکانیان لە رووی سەربازی و سیاسی و کۆمەڵایەتی یەوە باشترین شۆڕەسواری مەیدان بوون. زۆر لەم سەرگورشتەیە ئەوان گەورەترن. بە داخەوە داوای لێبووردن دەکەم لە بنەماڵەی شەهیدەکانیان وە پێشمەرگە قارەمانەکانیان کە نەمتوانی ناوی هەموویان بهێنم .ئەمەش ناوی فەرماندەکانیانە کە لە بیرم مابن .

١. غەفوور مەنمی .... سەرلق
٢. صالّح مەحمود ، ناسراو بە صالّحە رەش... سەرلق
٣. فەریق حمە أمین ،ناسراو بە فەریق مەنمی... سەرلق
٤. عومەر حمە موراد سعید... سەرلق
٥. بارام فتاح... سەرلق
٦. رۆوف حاجی نەجیم ...م. عەسکەری
٧. کریم شاکر ناسراو بە مام کریم .. سەرلق


سالّحە رەش، سەرلق


عومەر حمە موراد، سەرلق


بارام فتاح، سەرلق


فەریق محمد، سەرلق


رۆوف نجم، م.عەسکەری




وەکو لای سەرەوە باسمان کرد پێشمەرگە زۆر حەزیان دەکرد لە لقەکانی ترەوە بچنە لقی مەنمی یەکان. یەکێك لەوانە کاك احمد خەڵەف، خەڵکی چەمچەماڵ بوو لە عەشیرەتی (لەك). ساڵی ۱۹٦۲ز دەچێتە لقی داریکەلی کە لقی مەنمی یەکان بوو. تاساڵی ۱۹۷۰ز لەوێ دەمێنێتەوە. دەبێت بە سەرپەل و پاشان دەبێتە بەرپرسی عەسکەری. من بۆ خۆم وام دەزانی کاك احمد لە عەشیرتی مەنمی یە، هێندە تێکەڵ بوبوو لە گەڵیاندا.

کاك احمد بۆ خویشی پیاوێکی رەوشت بەرزو بە هیممەت بوو. ئێستا لە ژیاندا ماوەو ئەندامە لەدەزگای ئەیلولدا.

# هونەرمەندێکی شۆڕشی ئەیلول

## ﴿ مام فتاحی سەرکۆ پیاوێکی قسەخۆش وخۆشەویست بوو ﴾

شۆڕشی ئەیلول بریتی نەبوو تەنها لە هێزی سەربازی، بەڵکو ئەو شۆڕشە نیمچە دەوڵەتێکی کوردی بوو. هەموو بەشەکانی ئیداری و خزمەتگوزاری لە خۆگرتبوو لە رووی هونەریشەوە، بەتایبەت شانۆگەری.

لێرەدا باس لە پێشمەرگەیەکی هونەرمەندی شۆڕشی ئەیلول دەکەین



کە لەو چیاو دۆڵ و دەشتی کوردستاندا بێ هیچ ئامرازو کەرەستەیەکی هونەریی توانی چەند دیمەنێکی شۆڕش و هەندێك لە شەڕەکانی بکاتە بابەتی هونەری و لە شێوەی شانۆگەری پێشکەشی بکات.. ئەویش پێشمەرگەی هونەرمەند و قارەمان بەناوی(فتاح محمود احمد) ناسراو بە مام فتاحی سەرکۆ..

مام فتاحی هونەرمەند ساڵی ١٩٢٨ز لە دایك بووە،ساڵی ١٩٤٨ چووەتە سەربازی و بەشداری شەڕی فەلەستینی کردووە ساڵی ١٩٦٣ز دەبێتەپێشمەرگە تاساڵی ١٩٧٥ز،پیاوێکی قسەخۆش وخۆشەویست بوو لە ناو پێشمەرگەو خەڵکدا. ئێستا خانەنشینەو لە ژیاندا ماوە.لە سلێمانی دەژی.

# ئەوانەی دوێنێ

**ئەوانەی دوێنێ چاوەکانیان بەنیشتمانەکەیان**
**بەخشی ئەمڕۆ کەس بەرپرسیار نی یە لـێیان.**

حمە رەشید سعید فتاح ، ناسـراو بە (مامەرەشـە) ساڵی ١٩٤٥ ز،لە گوندی تەنگی سەری قەرەداغ لە دایك بووە. ساڵی ١٩٦٧ ز لە هێزی قەرەداغ چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان، بەشداری دەیان نـەبەردی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە. لە داستانێکی بێوێنەدا لە چیای زۆزگ لە ١٩٧٤/١٠/٢٥ ز دەپێکرێت وچاوێکی دەبەخشێتە نیشتمانەکەی.



ئیستا لە شاری سلێمانی رۆژانی ئازادی بە کرێکاری یەوە ژیان دەباتە سـەر .

# پەڕینەوە لە ئاوی سیروان

لە مانگی ئابی ١٩٦٩ ز دا رژێمی ئەو سەردەمەی عێراق پەلاماری سنووری هێزی قەرەداغی دا،بە مەبەستی گرتنی، شەڕێکی گەورە رووی دا.لە ناوچەکانی جەباری، بنارگل، قادرکەرەم، زەنگەنە، ناوچەی جاف ،دەربەندیخان، شارەزوور، بازیان.. لە هەموو لایەکەوە دوژمن پەلامارەکانی لە سەر نەخشەیەکی داڕێژراو دەست پێکرد.

دیار بوو لەو سەردەمانەدا بێتەلی بچووك زۆر کەم بوو. تەنها بە نامە لە لقەکانەوە بۆ بەتالیۆنەکان پەیوەندی هەبوو. ئەو شەڕە زیاتر لە بیست و پێنج رۆژی خایاند،داستانی گەورە تۆمار کرا، بەڵام دوژمن جگە لە هێزی زەمینی لە ئاسمانەوە بە فڕۆکەی جەنگی پەلاماری سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی داو بۆردوومانی گوندو ناوچەکانی دەوروبەری دەکرد.تاوەکو گوند نشینەکان جەنجاڵ بکات نەتوانن هاوکاری هێزی پێشمەرگە بکەن،بە پێچەوانەی بۆچوونی دوژمنەوە گوند نشینەکان بە ژن و پیاوەوە زیاتر هاوکارمان بوون خەمخۆریان دەنواند.

من بۆ خۆم لە گەرمەی شەڕدا زۆر جار خوشکە بەڕێزەکانم دەبینی کوننە ئاویان بە کۆڵەوە بوو بۆ سەنگەرەکانی پێشەوەیان دەبرد بێ سڵەمینەوە لە بۆردوومانی ئاسمانی و تۆپ بارانی زەمینی.

لەو داستانەدا ئێمە وەکو لقی ٢ ی بەتالیونی ٤ ی هێزی قەرەداغ،لە چیای سۆڵەی دەربەندیخان بووین.

وەکو لە پێشدا باسمان کرد پەیوەندی بێتەل کەم بوو، بۆیە ئێمە لە بەتالیۆنی خۆمان دابڕاین بەشێك لە بەتالیۆنەکان لە سنووری تەکیەی دەربەند بازیانەوە بەرەو ناوچەی عەسکەر و ئاغجەلەر کشانەوە، بەشێکیش لە سنورری بازیان بۆ ناوچەی دۆڵەرووت و سەرگەڵوو ، بەشی هێز لە ناوچەی لە ناوچەی شارەزوورەوە بۆ ناوچەی بەرزنجە کشانەوە.

ئێمە وەکو لقی ٢ پەیوەندیمان بە هێزەوە نەما،پلانێکمان دارشت بە شێوەیەکی پارتیزانی بمێنینیەوە تاکو لە فرسەتێکدا بگەینەوە هێزەکەی خۆمان و لەو ناوچەیە دەرباز ببین. چوینە دەربەندی پشت بەلەکجارەوە، سەرشاخمان لێگیرابوو دۆشکەیەکی لێ دانرابوو، بێ ئەوەی بە ئێمە بزانێت جارجارێك سەللەیەکی دۆشکەیان بە ناو دەربەندەکەدا دەتەقاند.

دەمەو ئێوارە ئێمە خۆمان حەشار دابوو بینیمان دوو چەکدار هاتن بەرەو رووما‌ن، کاتێك بە دووربین تەماشامان کرد وە برادەران ناسیاننەوە ، دوو برادەری لقی (١٠) ی حیزبی شیوعی کە ئەوانیش کاك ساڵحی حاجی عبدالکریم باوەخۆشێنی و کاك قادری حاجی کاکەوڵای گوڵانی بوون، ئەوانیش دابڕابوون لە هاوڕێکانیان، لەیەك ئاشکرابووین و هاتنە لامان کاتێك ئەوانمان بینی ٤٨ سەعات بوو خواردنمان نەخواردبوو. شەوێك رۆیشتین ، ئەوان سنووری دەربەندیخان باشتر شارەزا بوون چونکە خەڵکی ئەوێ بوون، چووینە نزیك گوندەکەی ماڵی کاك قادر کە گوندەکە (ئەسکەندەر) ی ناوبوو. چووینە بن هەندێك ئەشکەوت و تاوێرەوە لاماندا.

کاك قادر بەرگە خاکی یەکەی لابردو بە کراس و شەرواڵێکی سپی یەوە رۆیشتە گوندەکەی خۆیان بڕێکی باش نان و دۆینەی بۆ هێناین،منیش بە

سوعبەتەوە وتم ( خۆت لێمانی دابەش بکە ، ئەلێن شیوعی یەکان حەزدەکەن خەلکی بەشیان وەکو یەك وابێت ، با بزانین وایە ..؟!!) .

بەردو ئێوارەیەکی درەنگ پاش خۆرئاوابوون بەڕێکەوتین بەرەو ئاوی سیروان، منیش لەگەڵ مەفەرەزەیەکدا چووم بۆ گوندی بانی خێلان بۆ ئەوەی دوو برادەر بێنم کە بچن لە گوندی( ژالـەناو) کەلەکەکەمان بۆ بێنن تاوەکو بپەڕینەوە. دوو برادەر لە گەلمان هاتن کاتێك چووینە سەر ئاوی سیروان، بینیمان ئاوەکە زۆر کرابووەوە وە زۆر خوڕ بوو، ئەو دوو برادەرە زۆر زاتیان نەدەکرد خۆیانی لێبدەن ، وتیان (ئەم ئاوە لە قووەتی مەلەکردنی ئێمەدا نی یە ) لە خوار ناوچەی شەریکە بانی خێلانی ئێستاوە ، کوڕێکە تەمەن ٢١ ساڵ لای ئاژەڵەکەی بوو منیش چووم بە لایەوە لە خەوابوو، بێدارم کردەوە ، کاتێك تێگەیشت زۆر مەردانە هات بە دەممەوە،منیش بردم بۆلای برادەران وتی،( با یەکێکتان لە گەلمدا بێت، چونکە کەلەکەوانەکە بە قسەی من نایەت) .

کاك عەلی شەریف کە پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو (ئێستا وەفاتی کردووە) خەلکی گوندی سەوسێنانی قەرەداغ بوو وتی (من دەچم )..

چوونە ئەوبەرەوە کەلەکەکەیان هێناو برادەرانمان بەڕێ کرد ، هەرجارەو هەشت نۆ پێشمەرگەمان دەپەڕاندەوە تاوەکو زۆربەمان پەڕینەوە.

بەهەر حاڵ تا ئەمانەمان کرد شەوگار زۆر درەنگی کرد، رەبییەکانی سەربازگەی دەربەندیخان زۆر لێمان نزیك بوون ئێمە چوار پێشمەرگە مابووینەوە چاوەڕوانی کەلەکەکەمان دەکرد کە بگەڕێتەوە و ئێمەش بپەڕینەوە، دووان لە هەڤالانی خۆمان بە گردەکەوە حەرەس بوون چاودێری

جادەی نێوان ( دەربەندیخان – کەلار) یان دەکرد لە پڕ بانـگیان کردم: (گوایە ئەمە چەند چەکدارێکە بەرەو لامان دێن ).. ئێمەش من و کاك حمە علی بەرەو گردەکە رامان کرد بینیمان نـۆ چەکدارن، برادەران ئامادە بوون بۆ تەقە کردن، وتم تەقەیان لێمەکەن زۆر ماندوو دیارن لەوە دەچێت پێشمەرگە بن و دابـڕابن .. کاتـێك نزیك بوونەوە تێمان خوڕین، بەرپرسەکەیان هاواری کرد (من شـێخ محمـد فەقێرەیم،عـزالدین تەقـە مەکەن)..!!

کاك شـێخ محمد هەڤاڵی خۆم بوو، لە بەتالیۆنی ٩ وە لەگەڵ هەشـت پێشمەرگەی تردا هاتبوون ، ئەوکات ئەو سـەرپەل بوو، ئیتـر زۆرمان پێخۆش بوو ئەوانیشمان لەپێش خۆمان پـەڕاندەوە و ئێمەش بە شـوێنیاندا پەڕینەوە و چووینە سنووری بەتالۆنی ٦ ی (بـەمۆ) .ئەو سـەفەرە ماوەیەکی زۆری چەند مانگی خایاند، زۆر لامان خۆش بوو.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم وەکو وەفایەك سوپاسی زۆری ئەو دوو برادەرە (کاك قادر و کاك ساڵح) بکەم ، هەرچەندە لەو سـەفەرەدا کاك ساڵح باوەخۆشینی سـەنگەری خەباتی گواستەوە بۆ ریزی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان و بوو بە پێشـمەرگەی لەشکری کوردسـتان .

بەڵام بە داخەوە ئیستا چەند ساڵێکە تووشی نەخۆشی بووە و لە جێگادایە، تەمەنـنـای شیفا و چاکبوونەوەی بۆ دەکەم .سوپاسـی ئەو دوو برادەرە بانی خێلانی یە دەکەم هەرچەندە نەیانتوانی کەڵەکەکەمان بۆ بێنن، زۆر سۆپاسی کوڕە شوانەکە دەکەم کە شێرانە توانی بچێت کەڵەکەکەمان بۆ بێنێت ، سوپاسی ئەو برادەرە کەڵەکەوانە دەکەم کە لەو

کاتەدا لەو ساتە ناوەخت و پڕ لە مەترسی یەدا ئێمەی پەڕاندەوە و رزگاری کردین ، ئەو برادەرە خەڵکە گوندی ژاڵەی ناو بوو، بەڵام بە داخەوە ناوی لە یادم نەماوە.

زۆر سوپاسی یەك بەیەکی خەڵکی شار و گوند و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە گشتی دەکەم ئەوانەی ناویان هاتووە و ئەوانەش کە ناویان نەهاتووە، خوا یاربێت لە ئایندەدا هەرچی یادەوەری یەك لە یادم مابێت، هەرچی کەسێك لەم کوردستانەدا بەشێك بێت لەم یادەوەریانە ناویان و یادیان بەرز رابگرین و لە دڵی خۆمان و هەڤاڵانماندا بۆ ئەبەد دەمێنێتەوە کەمترین وەفاداری ئەوەیە ناویان لە تۆماری یادەوری یەکانماندا بهێڵینەوە.

یادیان بەخێر و ناویان بەرزو سەرفراز بن .

# یادەوەری یەکی تـاڵ

ساڵی ١٩٧٥ز پاش پیلانی گەورەی دژی گەلی کورد و نسکۆی شۆڕشی کوردستـان بەشێکی زۆر لە هێزوی پێشمەرگەی کوردستان گەڕانەوە بەرەو شارو و گوندەکان و جێگا و رێگای خۆیان .

لە ١٩٧٥/٥/٩ز کۆمەڵێك لە فەرماندەکانی شۆڕشی ئەیلول بانگهێشتیان کردین بۆ ئوتێل (سلام) لە سلێمانی بە ناوی (دەعوەت) ەوە. ئەو فەرماندانەی کە ئامادە بوون لەوێئەم بەڕێـزانە بوون: مـلازم تاهیر علی والی، نوری حمـە علی، نافـم حمە سلێمان. عزالدین مـلا سلێمان، عـومەر حمـە موراد وە چەند هـەڤاڵێکی تریش بووین) وە لە لایەن رژێمیشەوە ئەمانە بوون:(مدیر مخابرات بغداد، پارێزگاری سلێمانی بابکر پشدەری، مدیر امنی سلێمانی).

لە دانیشتنەکەدا مدیری مخابراتی رژێم کۆمەڵێك قسەی کرد بۆ ئێمە زۆر بە شان و باڵماندا هات وەك پێشنەی رەفتاری خۆیان دیار بوو لەم دانیشتنە مەبەستێکیان هەبوو، لە وەڵامی ئەواندا کە ئێمە قسـەمان کرد، بە روویانەوە دیار بوو کە هیچیان لە ئێمە دەست نەکەوتووەو و دڵیان بە ئێمە خۆش نەبوو، بۆیە مدیر مخابرات بۆ ئەوەی کرژی دانیشتنەکە برەوێنێتەوە و ناخۆشحاڵی خۆیان بشارنەوە. رووی کردە کاك نوری حمە علی و وتی: حـەز دەکەین باسی شـەڕی (حەوزی رەواندوز) مان بۆ بگێڕیتەوە.



نوری حمه علی

کاك نوری مەردانە هەستایەوە و هەروەکو مەیدانی پێشمەرگە بێت و ئەو کات و ساتە بێت کە لە شەڕەکەدایە باسی شەڕەکەی کرد و بۆی گێڕانەوە. مدیر مخابرات بە تەوسەوە پێی وت:

( کافی کاکە نوری بارك الله بـك).

لەو دانیشتنە مەبەستیان بوو کە ئێمە لەخشتە بەرن گوایە ئێمە بکەن بە پیاوی خۆیان. بەڵام هیچیان لە ئێمە چنگ نەکەوت.

بەم شێوەیە لەگەڵ زۆر لە فەرماندەو پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلولدا هەوڵیاندا بەڵام بێهوودە بوو. ئەوە بوو رژێم گەیشتە ئەو ئەنجامەی ئەگەر ئەمانە لە کورستاندا بمێننەوە دوور نی یە هەر بەو زووانە شۆڕش هەڵگیرسێتەوە. بۆیە دواتر زۆربەی فەرماندەو کادیرو پێشمەرگەکانی شۆڕشی دوور خستەوە بۆ باشووری عێراق.

منیش وەك هەموو پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول ئەمڕۆ بە سەربەزی یەوە لەبەردەم مێژووی گەلەکەم دا رادەوەستم و ئەم داستان و سەروەری یانە و قارەمانێتی ئەو پێشمەرگەو فەرماندانەی شۆڕشی ئەیلول دەنوسمەوە تاوەکو ئەم خامەیە تۆماری ئەو مێژووە پڕ لە شانازی یە بێت کە لەسنگی ئەو کەڵە پیاوانەدا یادەوەری یەکی دوورو درێژی خەبات و تێکۆشانە لە پێناو ئازادی گەلەکەماندا وە ئەمڕۆ بەوپەڕی شانازی یەوە هەوای ئازادی هەڵدەمژین.

یادی شـەهیدان و هەڤاڵانی ڕۆژانی سەختی پێشمەرگایەتی و شـۆڕش بەخێر سڵاو بۆ گیان و مەزرای شـەهیدان. سڵاو بۆ ئەو قارەمانەی شۆڕش کە تا ئێستا لە ژیاندا ماون. سـەربەرزیش بۆ گەلی کورد و سـڵاوی وەفا و ڕێزیش بۆ گـەورەی شـەهیدانی گەلی کورد (بارزانی) نەمـر

# دواوتـه..

## راسـتی یەکان پێویسـتە تۆمار بکرێن

پێم خـۆشـە دوا وتەم لەم کتێبـەدا داواکاری یەك بێت لە سـەرجەم هەڤالان و پێشمەرگە دێرینەکانی شۆڕشی ئەیلول و رۆڵەی شەهیدە سەربەرزەکان و هەموو ئەو خەڵکە سەربەرزەی کوردستان کە رۆژانێك ماڵ و حاڵیان لانکە و جێی حەوانەوە و تیمارکردن ودالدە دانی پێشمەرگەو کادێرەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول بوون، کە یادەوەری یەکانیان لە فەوتان بپارێزن و بیخەنە سەر تۆماری شۆڕش و خەباتی دوورو درێژی گەلی کورد کە ئەمرۆژانە فرسەتێکی زێڕینە بۆ ئەم مەبەستە، لە لایەك مێژووی ئەم میللەتە پێویستی زۆری بەم جۆرە خەباتە هەیە و لە لایەکی تریش زۆر مەسەلەی گرنگ بەم تۆمارانە چارەسەر دەکرێن لە رێبازی شۆڕشدا کە لە کەم و کورتی دەیپارێزێت و ئایندەیەکی گەش دەخاتە بەردەم گەلی کورد .کە خەبات و رەنجی چەندین ساڵەی بە هەدەر نەڕوات وە رەوتی شۆڕش رێ ی راستی خۆی ون نەکات.

# وێنەی پۆلێ پێشمەرگە



ئەمانەکێن ؟!!

ئەبێ کێ بیاندۆزێتەوە..؟!!

گەورە کەسێ شارەزایە..

ناوی گشتمانی لە لایە..

ئەویش مێژووە چاوساغی ناوێ..

لە هەر کەس بنوسێ پاساوی ناوێ..!!

کۆڵ بە کۆڵەکانی دەشتی گەرمیان و هەوراز بڕەکانی چیای کوێستانن ، نە شەو دەخەوتن و نە ڕۆژ دەسرەوتن.

دەبێت ئێستا لە کوێ بن ؟!!

ناو گشت ئەلبومەکان گەڕام ئەمدیواو ئەودیو نە ناویانم دی نەوێنەیان..

ئەم وێنانە وێنەی پۆلێك لە فەرماندەو پێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕش ئەیلولە، کە هەریەکەیان خاوەنی چەندین ساڵ خەبات و فیداکارین بۆ گەلەکەیان، ئێستاش شانازی بەو ڕۆژانەوە دەکەن کە تیایدا سەبەرزانە ژیاون هەڵۆ ئاسا لوتکەی شاخەکان جێگەو لانەیان بووە. ئێستاش خوا دەیزانێت سنگیان چەندە پڕ بێت لەم جۆرە یادەوەری یانەی کە من خوای گەورە دەرفەتی دام بیانخەمە سەر خامەی ڕۆژگارو لە فەوتان بیان پارێزم

ئاخـۆ دەبێت ئەوانیش ئەم دەرفەتەیان بۆ برەخسێت یان ئەو هـەموو چیرۆك و داستانانە کە رەنج و خـەبات و ئارەق وخوێنی قۆناغێکی دوورو درێژی میللەتێکە هەروا بە ئاسانی بچنە ژێـر گڵ ؟!!!



شـەهید سـەردار



حسین سالح



ابراهیم حاجی غریب



جمال سالح



سەردار حمە سالح



تۆفیق عبدالله



عارف علی



عبدالرحمن سەنگاوی



سەفەر ڕەشید



رحیم علی



کامەران ڕەشید



عەلی ڕەش



احمد حاجی محمود



احمد قادر



شەهید حەمەی خەیات



دکتۆر حسین



رۆوف حاجی محمود



مەلا یوسف – سیاسی



محمد ابراهیم



عمر شێخ سعید



شەهید مستەفا



شەهید جەبار قادر



ابراهیم نصرالله



احمد شریف- سیاسی



حاجی أحمد داربەڕووله



جمال سالح



محی الدین عبدالله



عبدالرحمن حمه رەش



مەجید حمه رەش



عوسمان ولیانی



مستەفا احمد



فایەق حمە سالّح



عوسمان حەمەامین



شەهید ئاراس قادر



سالّح خەلیفە – سیاسی



سالّح کانی بەردینە



بەکر مەلا غەریب



دکتۆر عوسمان



عمر رحیم



محمد کریم



مەجید حەسەن



سەید ساڵح- سیاسی



محمد حەمەامین



عوسمان حسین



محمد حەمەامین



ئەرکان محمد



شەهید عوسمان قادر منەوەر



شەهید ملا نامیق



صدیق غریب



# پـڕ بە دڵ سـوپاسی بەڕێزان

- کاك دەروێـشی ئـامۆزام دەکەم کە هـاوکاری کردم لە دەسـتنووسـی ئەم یـادەوەری یـانەدا .
- کاك کامەران ئەشـرەف قـارەمانی کە ئـەرکی و کـۆمپیـوتەرو کلێشـەسـازی هونـەری ئەم کتێبـەی گـرتە ئەسـتۆی خۆی.
- بنـەماڵەی سـەربەرزی شـەهیدان کە لە بواری ڕێکخسـتن و تێرو پڕ کردنی زانیاری لە بارەی شـەهیدەکانەوە هـاوکاری تـەواویـان کردم.
- هـەڤاڵـە بەڕێزەکانی ڕۆژانی پێشمەرگایەتیم کە زانیاری زۆریـان دامێ و هـاوکاری تەواویـان کـردم.

**زۆر سوپاسی ئەم برا بەڕێزانە دەکەم کە ناویـانم هێنـاوە هەیەکەیان بە مەبلەغی ( ١٢٥ دۆلار ) هاوکاریان کردم بۆ لەچاپدانی ئەم کتێبە.**

- سیروان باپیر – کارگێڕی لقی ٤
- مستەفا ئاغا – بەرپرسی ناوچەی ماوەت
- کاوە جاف – بەرپرسی ناوچەی قەرەداغ
- کاك فارس نەورۆڵی کارگێڕی لقی ٤

# پێرســـت

پێشـەکی ........................................................... ٨

## شۆڕشـی ئەیلـول

سـەرەتـایەك لەژیان و میـژووی
سـەرۆك بـارزانی شۆڕشـی ئەیلول ...............................١١
چەخماخەی شۆڕشـی ئەیـلول ..........................................١٤
شۆڕش ئەرکەکەی بـۆ کێ جێـما ..؟! ...............................١٥
هـێزی قـەرەداغ و نەخشـەکەی .......................................١٧
هـێزی کـەرکوك ......................................................١٩

## داســتانەکان

داسـتانی سلـێمان بەگ ...............................................٢١
داسـتانی شیوە سـوور ...............................................٢٣
داسـتانی بـەکر بـاجـەڵان ...........................................٢٤
داسـتانی ئـەزمڕ ...................................................٢٥

داستانی گوندی عەرەبەکان ........ ٢٦
داستانی چیای سەفین ........ ٢٧
داستانی چیای سولیاوا ........ ٣٠
داستانی زۆزگ ........ ٣٢
داستانی عەربەت سلێمانی ........ ٣٤
داستانی چیای سەرتیژ ........ ٣٥
داستانی چیای دەرگەزێن ........ ٣٧
داستانی تووە سووران ........ ٣٨
داستانی چیای زمناکۆ ........ ٤١

## شەهیدان

شەهید ئەشرەف قارەمانی ........ ٤٣
شەهید عومەر ساڵح مەنسوور ........ ٤٥
شەهید عومەر میرزا ........ ٤٧
شەهید خاتوو عیسمەت خان ........ ٤٩
شەهید أحمد سوور رەباتی ........ ٥٠
شەهید عبدالله ئاغا ........ ٥٢
شەهید نوری شەریف ........ ٥٥
شەهید زۆراب خانەقینی ........ ٥٧

شەهید كـریم محمـد ........................................٥٨
شەهید عـەتا باخـچەیی ........................................٥٩
شەهید ئەورەحـمان سید عـلی ........................................٦٠
شەهید جمـال جیێشانەیی ........................................٦٢
شەهید شێخ حـسام الدین ........................................٦٣
شەهید لەتیف حـەمە رەش ........................................٦٤
شەهید ئەرپە كـەركـوكی ........................................٦٦
شەهید محمـود عـزیز بەگ ........................................٦٧
شەهید حسین فارس ........................................٦٨
شەهید عـبدالله رەحیـم ........................................٦٩
شەهید بكر محی الدیـن ........................................٧٠
شەهید خالیـد رەباتـی ........................................٧١

## هـەڤـاڵان

هـەڤاڵ جاسـم محمـد ........................................٧٥
هـەڤاڵ محمـود كـریم سلیم ........................................٧٦
هـەڤاڵ شێخ محمـد فەقـیرەیی ........................................٧٧
هـەڤاڵ عـثمان قـارەمانی ........................................٧٨
هـەڤاڵ حارس حاجـی وادی ........................................٧٩

هەڤاڵ ملازم یاسین ........................ ٨٠
هەڤاڵ عبدالوحد أمین ........................ ٨١

## یادەوەری یەکان

بەتالیۆنی ئاسۆس ........................ ٨٤
گوندی قزڵجە ........................ ٨٦
چواردە ساڵ شۆڕش ........................ ٨٨
کەسێکی وون بوو ........................ ٨٩
رۆژانێك لە هەورامان ........................ ٩١
دەزگای ئەیلول ........................ ٩٣
عەشیرەتی مەنمی ........................ ٩٤
هونەرمەندی شۆڕشی ئەیلول ........................ ٩٨
ئەوانەی دوێنێ ........................ ٩٩
پەڕینەوە لە ئاوی سیروان ........................ ١٠٠
یادەوەری یەکی تاڵ ........................ ١٠٥
دوا وتە ........................ ١٠٨
وێنەی پۆلی پێشمەرگە ........................ ١٠٩
پێرست ........................ ١٢١

بۆ تۆمارکردن و زیاتر دەوڵەمەند کردنی گەنجینەی مێژووییمان

# هەر بەڕێزێك

لە هەڤاڵان و دۆستان و خەڵکی بەشەرەفی ئەو ناوچانەی کوردستان کە ئێمە پێشمەرگە بووین تیایدا، زانیاری بەنرخ و دەگمەنی زیاتری سەبارەت بە داستانەکان و شەهیدەکان و برینداران و هەڤاڵانی پێشمەرگە و سەرجەم مێژووی شۆڕشی ئەیلولی مەزن لە دوو توێی سنگیدا ماوەتەوە، دەتوانێت پەیوەندی بکات بە نووسەری کتێبەوە، بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٧٠١٤١٤٥٢٢)ەوە

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزو پێزانینماندا.

با مێژووی ئەم گەلە ڕۆڵەکانی خۆی بینوسێتەوە